## چاپکراوی نوێ

«پێگەیشتن» بیرەوەرییەکانی یەکەمین خانمی ڕەشپێستی ئەمەریکا، «میشێل ئۆباما»ی خێزانی یەکەمین سەرۆک کۆماری ڕەشپێستی ئەمەریکا «باراك ئۆباما»یە.

لەم کتێبەدا میشێل ئۆباما، باسی ژیانی خۆی دەکات، هەر لە منداڵییەوە تا دوای دەرچوونیشی لە کۆشکی سپی. خوێنەری کورد لەم کتێبەدا، جگە لەوەی چیرۆکی ژیانی کەسایەتییەکی جیهانیی دەخوێنێتەوە، هاوکات ئەوەشی بۆ دەردەکەوێ کە ژیان و پرۆسەی سیاسی و تێکەڵبوون بە سیاسەت لە شوێنێکی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چۆنە و بە چ شێوەیەك کەسێك دەگاتە پۆستێکی باڵا.

میشێل باسی ئەوەش دەکات کە ئەگەر ڕەشپێست بیت و لە ئەمەریکا بتەوێ سیاسەت بکەیت، ئەوا ئەرکەکانت قورستر دەبن، ئەو ئاستەنگانە دەخاتەڕوو کە ڕەشپێستەکان لەم ڕووەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

هەروەها ڕاشکاوانە ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و پەردە لەسەر ژیانی خانەوادەیی خۆی لادەبات. زمانی گێڕانەوە و سەرنجڕاکێشیی ڕووداوەکانی ئەم کتێبە، وای کرد کە هەر زوو ببێتە پڕفرۆشترین کتێب و هەر زووش بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕدرا.

زمانی گێڕانەوەی ئەم کتێبە بە جۆرێکە کە خوێنەر هەست دەکات تەنیا بیرەوەرییەکی ئاسایی ناخوێنێتەوە، بەڵکو دەقێکی باڵای ئەدەبییش دەخوێنێتەوە.

ئەم کتێبە، هێما ئەحمەد لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کتێبەکە (٦١٤) لاپەڕەیە بە قەبارەی (١٥x٢٣)، هەروەها لە کۆتایی کتێبەکەشدا ئەلبوومی وێنەکانی میشێل دانراوە، کە ژمارەیەك وێنەی سەرنجڕاکێشی تێدایە، کتێبەکە لەلایەن دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دەستخۆشی لە وەرگێڕی کتێبەکەو دەزگای فام دەکەین، بە هیوای بەردەوامی.



# ڕێڕەوی ئاشتی، یان ناوچەی ئارام..؟!

بە کۆتاییهاتنی شەڕ، کاتی چنینی بەرهەمەکەی دێ. مێژوو قەت باسی بەشداربوونێکی خۆڕایی لەشەڕ ناکات و، باسی هیچ سوپایەکیش ناکات بێ بەرامبەر لە دەرەوەی سنووری خۆی شەڕ بکات.

سووریا گۆڕەپانێکی کراوەیە بۆ هەر سوپایەك و بۆ هەر جۆرە دەستتێوەردانێك، هەلێکی زۆر دەڕەخسێنێ تا وەبەرهێنانی تیا بکرێ. لیستێکی دوور و درێژ لە وڵاتانی بچووك و گەورە، هەرێمی و نێودەوڵەتی، پەنجەیان خستۆتە ناو برینی ئەو وڵاتەوە.

هاوبەشی هەیە لە چوارچێوەی ئەو مێزەی کە بەرکەوتی تیا دابەش دەکرێ، هاوبەشیی تورکی - رووسی- ئێرانی لەژێر ناونیشانی «وڵاتانی زامنکار» یەکێکە لەو هاوبەشییانە، بەبێ ئەوەی کەسێ هەبێ ئەوە روون بکاتەوە کە ئەو سێ وڵاتە زامنی چین لە سووریادا، ئەگەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەبێ..!!

رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا کە لە سەرەتای شەڕی سووریادا دەنگی بەرز دەکردەوە و دەیگوت: «بەرگری لە بەرژەوەندیی سوورییەکان دەکەین لە رووبەڕووبوونەوەیان دژ بە رژێمی بەشار ئەسەد»، ئەمڕۆ بە پێش ئەوانیتر کەوتووە، بۆ چنینی بەرهەمی ئەو شەڕە.

ئەردۆگان کە تا دوێنێ خۆی لە ئۆپۆزسیۆن نزیك دەکردەوە و هانی دەدان شەڕی بەشار ئەسەد بکەن، ئۆپۆزسیۆن بە خراپترین شێوە چەك لێدەدرێ لە خان شیخۆن و شوێنی دیکەی ئیدلب کە رووسیای هاوپەیمانە سەرەکیەکەی رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ لە کردە سەربازییەکانی ئەوێ، وەك سەرەتایەك بۆ دوورخستنەوەی ئۆپۆزسیۆن کە دواپێگەی لە ئیدلبدا، ئەو ناوچەیەی کە بووەتە ئەستێرکێکی مرۆیی گەورە و تیایدا هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی لێ کۆکراوەتەوە.

ئەردۆگان ئەمڕۆ بایەخ بە پرسێکی دیکە دەدات، ئەویش چارەنووسی ناوچە سنوورییەکانیەتی لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا.

ئەو ناوچەیە قەت جێی مەترسی نەبووە بۆ تورکیا، چونکە دوورترین ناوچەیە لەو شوێنانەی کە ململانێیان تێدایە لە سووریا، بەڵام لە بێبەختی، خەڵکی ئەو ناوچەیە کوردن، بۆیە ئەردۆگان بەچاوێکی ترسەوە سەیریان دەکات تەنها لەبەر ئەوەش دراوسێی تورکیان و تۆمەتی ئەوەیان دەداتە پاڵ کە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانن کە تورکیا بە رێکخراوێکی تیرۆریستی دایان دەنێت. تا سوپاکەیان دەست لەو ناوچەیە وەربدات و ناوچەیەك دروست بکەن کە قووڵاییەکەی بگاتە ٣٠ کم.

ئێستا دانوستانێك بەڕێوە دەچێ لە نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئیعتیباری ئەوەی هاوپەیمانی هەسەدەیە کە ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی ئەودایە و چەند شارێکی کوردنشین لە خۆ دەگرێ و ئەو رێکخراوەش رۆڵی سەرەکی بینی لە وەدەرنانی داعش و سوپای رژێمی سووریا لەو ناوچەیە، وەك کۆبانێ (بە هاوبەشیی پێشمەرگەی کوردستان) و قامشلۆ و حەسەکە.

ئەمریکا بۆ ئەوەی بە پلانی ناوچەی ئارام رازی بێ، ئەردۆگان هەڕەشەی هێرش بردنە سەر ئەو ناوچەیەی کردو گوتی: «ناتوانین تا



فەیسەڵ دەباغ

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەر بێدەنگ بین، لەمە زیاتریش ئۆقرە ناگرین، چۆن چوونینە ناو عەفرین و جەرابلوس، ئەوهاش دەچینە ناو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فورات». تەئکیدیشی کردەوە کە لەو پرسە واشنتۆن و مۆسکۆی ئاگادار کردۆتەوە.

داگیرکردنی رۆژهەڵاتی فورات یەکەم هەنگاوی تورکیا نییە، سوپای تورکیا بە دوو کردەی سەربازی توانی ئەعزاز و عەفرین داگیربکات، یەکەمیان لە ژێر ناونیشانی «قەڵخانی فورات» و دووەمیشیان لەژێر ناونیشانی «چڵە زەیتوون».

هەر چەند سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترامپ لە کانوونی یەکەمی پارساڵ بەڵێنی بە ئەردۆگان دابوو، رەزامەندی لەسەر ناوچەی ئارام بدات، بەڵام دانوستانەکان تەگەرەیان هاتەپێش بەهۆی دژبوونی بەرژەوەندیی هەر یەکێکیان لە فایلی سووری (١) بەتایبەتی پاش نزیکبوونەوەی تورکیا لە رووسیا و وەرگرتنی مووشەکی ئێس ٤٠٠، ئەمە سەرەڕای هەماهەنگیی نێوان تورکیا و ئێران کە بووەتە جێی نیگەرانی واشنتۆن.

نەك هەر ئەمە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا هەیە دەربارەی ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ناوچەیە. واشنتۆن دەیەوێ بە هاوبەشی ئەو ناوچەیە بپارێزن و پێی وایە ئامانج لە دامەزراندنی بۆ پاراستنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)یە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا. بەڵام ئەنقەرە بە پێچەوانەی ئەمریکا دەیەوێ ئەو هێزانە لەو ناوچەیە نەمێنن و بکرێتە رێڕەوێکی ئاشتی وەك ئەوەی خۆیان دەیڵێن بۆ ئەوەی پەنابەرە سوورییەکان بگەڕێنەوە و نیشتەجێی ئەو ناوچانە بکرێن کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن.

بێ شك، پرۆژەکەی تورکیا زۆر روون و ئاشکرایە سەبارەت بە (ناوچەی ئارام)، کەچی ئەمریکا دەربارەی ئەو پرسە هیچ پرۆژەیەکی نییە و هیچ ستراتیژییەتێکی ئەوتۆشی نییە لەمەڕ تەواو دۆخی سووریا. پرۆژەکەی ئەردۆگان لەسەر هەستیاریی تەقلیدیی تورکیا بەرامبەر بە کورد گەمە دەکات و هەوڵ دەدات تەوزیفی بکات. بەڵام واشنتۆن زۆر بایەخ بە پرسی کورد نادات، (نە بە ئەرێنی و نە بە نەرێنی)، بەڵکو بایەخ بە دوو شت دەدات: رووبەڕووبوونەوەی داعش و رووبەڕووبوونەوەی بوونی ئێران لە سووریا.

واشنتۆن پێی وایە ناکرێ لەو دوو پرسەدا پشت بە تورکیا ببەسترێ، بۆیە هاوپەیمان لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) زامنترە..


«رێڕەوی ئاشتی» یان «ناوچەی ئارام» سوودێکی زۆر بە ئەردۆگان دەگەیەنێ، بەتایبەتی لەناو خودی تورکیادا، رێك پاش شکستی حزبەکەی لە (ئەستەنبوڵ) لە دواهەڵبژاردندا.

دۆخی خراپی ئابووری بووەتە جێی نیگەرانیی تورکەکان و ژمارەی پەنابەرانی سوورییش گەیشتۆتە سێ ملیۆن و نیو. بۆیە دامەزراندنی ئەو ناوچەیە دوو هەل بۆ ئەردۆگان دەرخسێنێ: دوورخستنەوەی پەنابەرە سوورییەکان لە خاکی تورکیا و هەروا ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافی لە ناوچە سنوورییەکاندا، ئەویش لەسەر حیسابی زۆرینە کورد...!!

# شكۆی دەوڵەت و فەرمانبەرانی لە هێز و سەقامگیریی دەوڵەتدایە

**١) پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت**

دەوڵەت دامەزراوەیەكی كۆنی مرۆڤایەتییە، بۆ سەردەمی كۆمەڵگە سەرەتاییەكانی كشتوكاڵی دەگەڕێتەوە، بەڵام جۆرە تازە و سەردەمییەكەی دەوڵەت لە ئەورووپا سەری هەڵداوە و توانای خۆی لە رووی دەستەبەركردنی سیستەم و ئاسایش و حوكمی یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ سەلماندووە، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتدایە (state-building). بەڵام پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و سەقامگیرییەكەی كێشەیەكی ئاڵۆز و تێكچرژاوە و دامەزراوە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان رۆڵی جەوهەری و كاریگەریان تێیدا هەیە، ئامانج لەم پرۆسەیە بنیادنانی متمانەیە بە دەوڵەت و دامەزراوەكانی، كە دەبێتە هۆی پێدانی شكۆ هەم بە دەوڵەت و هەمیش بە دامەزراوەكانی دەوڵەت، دواجار پێدانی شەرعییەت كە تاكە سەرچاوەی جەوهەری لە دیموكراسیدا دەبینێتەوە، بیرمەند (فۆكۆیاما) لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا State-Building: Governance and World Order in the 21st Century، 2004 پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت دەست نیشان دەكات، بەوەی كە بریتییە لە بەهێزكردنی دامەزراوەكانی ئێستای و بنیادنانی دامەزراوەی ئەكتیڤ، كە لە مانەوە و خۆراییكردندا توانایان هەبێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی دەوڵەت ئەركگەلێكی هەیە كە ئاست و قەبارەی دەوڵەت دەست نیشان دەكەن، دەوڵەت ئەركێكی زۆری هەمەچەشن و جیاوازی هەیە، لەوانە: دابینكردنی ئاسایش و سیستەم و دامەزراوە و خزمەتگوزاریی گشتی و خوێندن و تەندروستی و پاراستنی ژینگە و بەرگریكردن دژی مەترسییە دەرەكییەكان. ئەم ئەركانەش



**پ.د. شێرزاد نەجار**
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێویستیان بە دانانی سیاسەتگەلی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابەشکردنەوەی سامان هەیە. لێرەدا دەکرێ جەخت بکرێتەوە لەوەی کە هێزی دەوڵەت بە واتای هێز و توانا و لێهاتوویی دامەرزاوەکانیەتی لە دانان وداڕشتنی سیاسەتەکان و دەرکردنی یاساکان و جێبەجێ کردنیان، کە لێرەوە فەرمانبەرانی دەوڵەت رێز و شکۆیان پێ دەبڕێت.

کەواتە، پێویستە دەوڵەت بە سیاسەت و دامەزراوەکانی و بەو کارمەندانەی کە کاری تێدادەکەن بەهێزبێت، بە پێچەوانەوە دەوڵەت لاواز و هەڵوەشاوە دەبێت و گەندەڵی و داخورانی ئیداریی تێدا بڵاودەبێتەوە، خودی دەوڵەت و فەرمانبەرانی رێز لەدەست دەدەن و دواتریش شکۆیان نامێنێت. بۆیە شکۆی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دیالیکتیکیانە پەیوەستە بە تواناو لێهاتووییان لە راپەڕاندن و وەدیهێنانی ئەرکە بنەڕەتییەکانیاندا.

زۆر دەوڵەت هەن هەوڵدەدەن لە ناوەوە دەوڵەت بنیادبنێن لە رێی جیاکردنەوەی مەسەلەی چاکسازیی ئیداری و دامەزراوەیی لە پرۆسەی چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی (لەوانە دەوڵەتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست). بەڵام (فۆکۆیاما) تێبینی ئەوە دەکات کە کۆمەڵێك رێکاری زانستی، یان نموونەیی، یان میتۆدی بەردەست نین کە دەبێ لە دینامیکییەتی کاری دامەزراوەکاندا پەیڕەوبکرێن. بۆیە جەخت دەکاتەوە لەوەی کە ئیدارە زیاتر لەوەی کە زانست بێت، هونەرە، جەختکردنەوە لە جیاکردنەوەی چاکسازی بەو شێوەیەی سەرەوە دەبێتە هۆی خاترانە و چاودێری و قۆستنەوەی دەسەڵات لە رێی گواستنەوەی داب و نەریتەکانی

**هێزی دەوڵەت بە واتای هێز و توانا و لێهاتوویی دامەرزاوەکانیەتی لە دانان ودارِشتنی سیاسەتەکان و دەرکردنی یاساکان و جێبەجێ کردنیان، کە لێرەوە فەرمانبەرانی دەوڵەت رێز و شکۆیان پێ دەبرِێت**

کۆمەڵگە بۆ ناو دامەزراوە حکوومییەکان. ئەم دۆخە پێویستی بە دۆزینەوەی سیستەمگەلێك هەیە کە لە شێوازەی چالاکییەکانی ئیداری و دامەزراوەیی تێ بگەن و توانای شرۆڤەکردنی زانستییان هەبێت.

بەم شێوەیە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و هێنانەکایەی شکۆ بۆی، وێرِای بەهێزکردنی دامەرزاوەکانی ئێستا، پێویستی بە بنیادنانی دامەزراوەگەلێکی تازەی حکوومی هەیە، بە دیدی (فۆکۆیاما) پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی لاواز و شکستخواردوو سەرچاوەی زۆر لە کێشە مەترسیدارەکانی جیهانن، ئەو زیاتر دەڵێت: کە هەندێ لە کێشە و شتە شاردراوەکانی پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت ناسراون، بەڵام هەندێکی دیکەیان نەناسراون، گرنگترینیان چۆنێتیی گواستنەوەی دامەزراوە بەهێزەکانە بۆ دەوڵەتانی لاواز و شکستخواردوو، بۆیە دەنووسێت:

...، بەڵام گواستنەوەی دامەزراوە گشتییەکان کە ئەرکەکانیان چاك راپەرِێنن پێویستیان بە زەینێکی دیاریکراو هەیە. کە بە شێوازی ئاڵۆز کاردەکەن و بەرگەی گواستنەوە دەگرن لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە، بۆیە پێویستە لە گرنگیدان و بیرکردنەوە و توێژینەوەی زانستیدا تەرکیزی زیاتر بکەین.

ئەم مەسەلە جەوهەرییانە لە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتدا، بە تایبەتیش کە ژمارەیەك لە دەوڵەتانی لاواز، یان شکستخواردوو تا ئێستا زۆرن و ئەو رووداوانەی دوای کۆتایی جەنگی سارد هاتنەئاراوە، ئەو دەوڵەتانەی بەدوای خۆیدا هێنا کە لە بەلکانەوە تا رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوەراستی ئاسیا دەگرێتەوە، هەروەها کارەساتی گەورە و مەترسیداری مرۆییان لێ کەوتەوە، بەتایبەتیش لە بواری مافی مرۆڤ (سۆماڵ، هاییتی، کەمبۆدیا، بۆسنیا، کۆسۆڤۆ، تەیموری رۆژهەڵات و عێراق و ئەفغانستان...هتد) ئەم رووداوانە بوونەهۆی لاوازکردنی دەوڵەت و سەرهەڵدانی دۆخێك لە ناسەقامگیریی کە بووەهۆی هێنانەکایەی کێشەگەلێکی دیکەی مەترسیدار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، وەکو داخورانی پرەنسیپی سەروەری و کێشەکانی لەدەستدانی شەرعییەت و چەسپاندنی دیموکراسی. لێرەدا (فۆکۆیاما) دیموکراسی و حوکمرانیی باش بەیەکەوە دەبەستێتەوە و جەخت دەکاتەوە کە (دامەزراوەی باشی حکومەت دامەزراوەیەکە پێداویستییەکان بە لێهاتوویی و شەفافییەت جێبەجێ دەکات)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی تازە ئەرکی جیاواز و هەمەجۆری هەیە و پیادەیان دەکات، شەرعییەتیش قۆرخ دەکات، کە رێگە نادات بە تاکەکان تا هەندێ رەفتار پیادە بکەن، کە فەیلەسووف (هۆبز) بە (شەرِی هەمووانە دژی هەمووان) وەسفیان دەکات. ئەم دەوڵەتە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نییە، کە تائیستاش ناوچەیەکی فراوانی جیهان ئەم جۆرە دەوڵەتە تازەیەیان نییە، بەڵام هەوڵدەدەن کە لەمیانی دەستکردن بە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت هەیانبێت، کەچی نەبۆتە هۆی وەدەستهێنانی هەمان ئەنجام، بەڵکو دەرهاویشتەکانی جیاوازبوون کە ئیشکالگەلی جیاواز و پێکناکۆکیان لێ کەوتەوە.

ئەرکی زانستی تازەی سیاسەت لە شرۆڤەکردنی ئەم رووداو و دیاردانەدایە، هەروەها لە دەرکردنی یاسا و هاوکێشەکان بۆ لێکدانەوەیان، ئەمەش بە واتای دیراسەکردنی چۆنێتیی رێکخستنی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتدا، هەروەها ئاراستەکردنی چالاکییەکانی بۆ ئامانجگەلێکی شەرعی. ئەم ئەرکە رەهەندگەلێکی فراوان وەردەگرێت، کاتێ زانستی سیاسی رووبەرِووی کێشەی دەوڵەتی لاواز و شکستخواردوو دەبێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا گەنگەشەی دووردرێژی فیکری ئەنجام درا تایبەت بە قەبارە و هێزی دەوڵەت بە رەچاوکردنی هەڵکشانی قەبارە و ئاستی فراوانیی ئەرکەکانی دەوڵەت بە شێوەیەك کە رێژەیەکی کەم نا لە پوختەبەرهەمی دەوڵەتان بەکاردێنێت (٥٠٪ لە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٧٠٪ لە سوید).

بەڵام ئەم گەشە و فراوانییە لە کار و ئەرکەکانی دەوڵەت و چالاکییەکانی زۆر جار بێ توانایی و لاوازییە پێوانەییەکانی لێ کەوتۆتەوە، ئەمەش بۆتەهۆی هێنانەکایەی پەرچەکرداری بەهێز، وەك (تاتچەر لە بەریتانیا و ریگان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) کە سەرلەنوێ

**پێویستە دەوڵەت بە سیاسەت و دامەزراوەکانی و بەو کارمەندانەی کە کاری تێدادەکەن بەهێزبێت، بە پێچەوانەوە دەوڵەت لاواز و هەڵوەشاوە دەبێت و گەندەڵی و داخورانی ئیداریی تێدا بڵاودەبێتەوە، خودی دەوڵەت و فەرمانبەرانی رێز لەدەست دەدەن و دواتریش شکۆیان نامێنێت**

**پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت و هێنانەکایەی شکۆ بۆی، وێرِای بەهێزکردنی دامەرزاوەکانی ئێستا، پێویستی بە بنیادنانی دامەزراوەگەلێکی تازەی حکوومی هەیە**

سەرهەڵدانی بیری لیبراڵی بەدواداهات (بەتایبەتیش بیری بیرمەندی نەمسایی-ئەمریکی فردریك فۆن هایك دەربارەی دەوڵەتی خۆشگوزەران و چاودێریی کۆمەڵایەتی)، هەروەها گرتنەبەری سیاسەتگەلی تازە سەبارەت بە کەمکردنەوەی قەبارەی کەرتی حکوومی و مانەوەی ئاستەکانی ئێستای.

دەوڵەتانی گەشەسەندوو و ئەو دەوڵەتانەی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە سیستەمی شیوعییەت چوونە دەرەوە، تووشی (پەتای پەنمایی و هەڵاوسانی دەوڵەت) بوون، کەوتنە نێو قەیرانی قەرزێکی زۆری خنکێنەر و کاریگەریی قووڵیشیان لەسەر ئاستی بەرهەمی خۆماڵیی گشتی هەبوو. ئەم دەوڵەتانە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان پەنایان بردەبەر دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆ راوێژوەرگرتن کە سیاسەتی نەخوازراوی میللی دەگرنەبەر و رووبەڕووی رەخنەی قورسی ئەکادیمی دەبنەوە، کە بریتی بوون لە بانگەشەکردن بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت، بە جۆرێك کە پێویستە کەمکردنەوەی گشتی و سەرتاپاگیر نەبێت، بەڵکو چەندین کەرت لە دەوڵەتدا هەن کە پێویستە بەهێز بکرێن، سەرئەنجام ئەوە بوو کە سیاسەتی چاکسازیی ئابووریی پەیرەو کرا و لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە شکستیان هێناوە، ئەو دەوڵەتانەی دوچاری دۆخێکی خراپ کردووە و بە تەواوی کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی ئابووریدا هەبووە.

### ٢- هێزی دەوڵەت

پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: ئایا دەوڵەت لەم دۆخەدا دەوڵەتێکی بەهێزە، یان دەوڵەتێکی لاوازە؟

(مارتن سایمور لیبست Lipset 1922 -2006)

پرۆفیسۆری ناسراوی ئەمریکیی زانستی سیاسی روونی دەکاتەوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی جیا دەوڵەتێکی بەهێزە، لەبەر ئەوەی دامەزراوگەلی تێدایە کە توانای سەپاندنی یاساییان بە زەبری هێز هەیە، (چونکە ئەمریکییەکان لەوانە نین کە گوێڕایەڵ و پابەندی یاسا بن) چ لەسەر ئاستی فیدراڵی، یان لەسەر ئاستی لۆکاڵی، لە بەرامبەر ئەو دۆخەشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانییە، کە چالاکییەکانی دەوڵەت کۆت دەکات و دامەزراوەکانیشی لە شێوەیەکی سنووردار دروستکراون، بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە کاتی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتدا، بەڵام لەسەر ئەم حاڵەش بە دەوڵەتێکی بەهێز و بە توانا دادەنرێت لە دەرکردنی یاساکان و سەپاندنیان بە زۆر، لە رووی مێژووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمیانی شۆڕشێکەوە دژی دەسەڵاتی دەوڵەت دامەزراوە و کولتووری سیاسیشی ئاراستەکراوە بەرە و دانانی کۆتوبەند بەسەر چالاکییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا (وەك سیستەمی فیدراڵی، جێبەجێ کردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان، حکومەتێکی دەستووری بۆ پاراستنی پرەنسیپەکانی دەستوور و مافی تاکەکان)، لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی ئەو دەوڵەتەدا دەوڵەتێکیی خۆشگوزەران و چاودێریی کۆمەڵایەتی نەبووە.

چەندین ئاماژە لەو نموونەیەدا هەن لەسەر ئەوەی پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئاست و قەبارەی چالاکییەکانی دەوڵەت و هێزی دەسەڵاتی دەوڵەت (توانای دامەزراوەیی).ئەم ئاماژانە زۆر گرنگن بۆ زانینی جیاوازییەکان لە هێزی دەوڵەت لەنێو دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا، هەروەها رێکخستنی چوارچێوەی چالاکییەکانی دەوڵەت.

(فۆکۆیاما) لەنێوان ئەرکە گرنگ و پێویستەکانی دەوڵەت و ئەرکە لاوەکی و ئارەزوومەندییەکاندا.

نیمچە کۆڕایەك هەیە (لەوەتەی سەردەمی ئەرستۆتاڵیس٣٢٢ پ.ز) کە ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت ئەمانەن: دابینکردنی ئاسایش و پارێزگاریکردن لە سیستەم و بەرگریکردن لە دەوڵەت، ئەمەش پێش دەستەبەرکردنی بیمەی تەندروستی و بەخۆڕایی خوێندن. لە راپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتیشدا هاتووە کە ئەرکەکانی دەوڵەت دابەش دەکرێن بەسەر خوارەوە و ناوەڕاست و چالاکدا، هاوکات بەجێهێنانی ئەم ئەرکانە دەوەستێتە سەر ئاستی لێهاتوویی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کارمەندانی، بەم لێهاتووییە دەوڵەت هەوڵدەدات شکۆ و شەرعییەت وەربگرێت.

**پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت یەکێکە لە گرنگترین کێشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتانی لاواز و شکستخواردوو سەرچاوەی زۆر لە کێشە مەترسیدارەکانی جیهانن**

**دەوڵەتی تازە ئەرکی جیاواز و هەمەجۆری هەیە و پیادەیان دەکات، شەرعییەتیش قۆرخ دەکات، کە رێگە نادات بە تاکەکان تا هەندێ رەفتار پیادە بکەن**

**ئەرکی زانستی تازەی سیاسەت لە شرۆڤەکردنی ئەم رووداو و دیاردانەدایە، هەروەها لە دەرکردنی یاسا و هاوکێشەکان بۆ لێکدانەوەیان، ئەمەش بە واتای دیراسەکردنی چۆنێتیی رێکخستنی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتدا**

**گەشە و فراوانی لە کار و ئەرکەکانی دەوڵەت و چالاکییەکانی زۆر جار بێ توانایی و لاوازیبە پێوانەییەکانی لێ کەوتۆتەوە، ئەمەش بۆتەهۆی هێنانەکایەی پەرچەکرداری بەهێز**

**دەوڵەتانی گەشەسەندوو و ئەو دەوڵەتانەی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە سیستەمی شیوعییەت چوونە دەرەوە، تووشی (پەتای پەنمایی و هەڵاوسانی دەوڵەت) بوون، کەوتنە نێو قەیرانی قەرزێکی زۆری خنکێنەر و کاریگەری فوولیشیان لەسەر ئاستی بەرهەمی خۆماڵیی گشتی هەبوو**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانییە، کە چالاکییەکانی دەوڵەت کۆت دەکات و دامەزراوەکانیشی لە شێوەیەکی سنووردار دروستکراون، بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە کاتی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتدا**

### ٣- شکۆی دەوڵەت

شکۆی دەوڵەت بەگوێرەی جیاوازیی سیستەمی سیاسی جودایە، لە سیستەمە دەسەڵاتخوازەکاندا شکۆیەکە بە زۆر سەپێنراوە، کەچی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا ئەو شکۆیە لە رێی شەرعییەتەوە بەدەست دەکەوێت، بە رای (فۆکۆیاما) ئەم شەرعییەتە بەرهەمی کار و چالاکیی دامەزراوە سیاسی و دەستووری و ئیدارییەکانە، بۆیە کاری ئەم دامەزراوانە پێویستە تەنیا چوارچێوەی ئیداری نەگرێتەوە، بەڵکو دەبێ مەسەلەی پەیوەندیی ئەو دامەزراوانە لەگەڵ هاووڵاتیان و ئاستی قبووڵکردنی ئەو دامەزراوانە لەلایەن کۆمەڵگەوە لەبەر چاو بگیرێت، کە سیفەتی شەرعییەتیان بۆ دێنێتەدی.

لەم رووەوە پرۆفیسۆر (هنتگتن Huntington) رایەکی دیکەی هەیە، ئەو پێی وایە دەکرێت ئەو دوو چوارچێوەیەی سەرەوە جیابکرێنەوە و دەتوانرێت سیستەمەکانی حوکمڕانی ببینرێن کە بە تایبەتمەندیی دەوڵەت حوکم دەکەن، بێ ئەوەی شەرعییەت وەربگرن، بۆ نموونە: بەراوردی نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام (فۆکۆیاما)پێی وایە کە (روون نییە هەر وا بە ئاسانی بکرێت توانای دەوڵەت لە شەرعییەتەکەی جیابکرێتەوە)، بۆیە شەرعییەت لە رێی سیستەمی دیموکراسییەوە بەدەست دێت، دواتر سەرچاوەی شکۆی دەوڵەت ئەو شەرعییەتەیە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزراوە.

### ٤- شکۆی فەرمانبەر

فەرمانبەر بریتییە لەو کەسەی کە ئەرکێکی گشتیی دەوڵەتی لە ئەستۆدایە، بە واتای ئەوەی کە پەیوەستە بە یەکێك لە دەزگاکانی دەوڵەتەوە و لەبەرامبەر کرێیەکدا کە بە یاسا دیاریکراوە، کاردەکات و هەر بەپێی یاساش کۆمەڵێك مافی هەیە، فەرمانبەر لە کارەکەی خۆیدا نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکات و رێزو شکۆی خۆی هەیە، کە لە شکۆو رێزی دەوڵەتەوە سەرچاوەدەگرێت، دەوڵەتیش شکۆی دەبێت کاتێ پشت دەبەستێت بەو شەرعییەتەی لە هاووڵاتیانەوە وەری دەگرێت.

دەوڵەت بۆ پاراستنی شکۆی هاووڵاتیانی یاسا دەردەکات و رێنمایی گونجاو رادەگەیەنێت، لە ئەڵمانیا و بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەڵمانیا (ماددەی ٣٣ برگە٢) هەموو ئەڵمانییەك مافی گەیشتنی هەیە بە یەکسانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بۆ هەر وەزیفەیەکی جیاواز کە لەگەڵ کارامەیی و لێهاتوویی و توانای پیشەییدا بگونجێت، هەروەها ئەو مافانەشی هەبێت (بەپێی برگە ٣ی ماددەی سەرەوە) کە پەیوەست نییە بە باوەڕی ئایینیی هاووڵاتی، یان بیروباوەڕ و فەلسەفەی ژیانی تایبەتیی خۆی. لە دەستووری ویلایەتی باڤاریای ئەڵمانیا١٩٤٦ و لە ماددەی ١٠٧دا دووپاتکراوەتەوە کە وەزیفەی گشتی لە بیروباوەڕی ئایینی جیاکراوەتەوە.

ئەم ئاراستە ئەڵمانییە پرەنسیپە نەریتییەکان دەگرێتەوە وەکو.

- ئەرکی فەرمانبەرانی مەدەنیی کە بێلایەن و دڵسۆزی دەستوور بن.
- وەزیفەیەك بە درێژایی ژیان.
- پرەنسیپی (ئەدا) کە پێویست دەکات تەنیا بەرپرسان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و توانای پیشەییان هەڵبژێردرێن.
- قەدەخەکردنی مانگرتن.

ئەو ماف و پابەندبوونە تایبەتییانە کاریگەرییان هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە داڕێژەری یاسا بە رێگای دیموکراسی دەری کردوون، لەگەڵ زەمانەتی باشیی خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت و پاراستنی توانای بەکاربردنی ئیدارەی گشتی.

بۆیە سیستەمی خزمەتی مەدەنی پێویستە لەگەڵ ئەو پرەنسیپە سەنتراڵییانە ناکۆك بن، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی یاسادانان بواری هەیە مناورە بکات، تاکو بتوانێت یاسای راژەی مەدەنی لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا بگونجێنێت.

لە نەمسا دەستووری ساڵی ١٩٢٠، هەمواركرا و لە ساڵی ١٩٣٤ لە ماددەی ٩ دا بە دەق دەڵێت: ماددەی ٩.(١) نابێت وەزیفەی ئیداری لە سەرتاسەری دەوڵەتدا پەیرە و بکرێت، تەنیا بە پێی یاسا نەبێت.

(٢) هەر دەسەڵاتێکی ئیداری بۆی هەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا، رێنمایی دەربکات بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، سەرباری

ئەمەش دەسەڵاتی ئیداری بە روونی بە پێی یاسا رێگەی پێ دراوە.

لە عێراقیش هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١ دەوڵەت گرنگیی داوە بە وەزیفەی گشتی و لە یاسای بنەڕەتیی عێراقدا لە ساڵی ١٩٢٥ و لە ماددەی ١٨دا دیاریکردووە کە تەنیا عێراقییەکان ئەو وەزیفە گشتییە مەدەنی و سەربازییانە وەردەگرن. لە دەستووری ١٩٦٤ و لە ماددەی ١٧ دا هاتووە: وەزیفە گشتییەکان دەدرێنە ئەو کەس و فەرمانبەرانەی دەوڵەت کە بەجێگەیاندنی کاری وەزیفییان خزمەتکردنی گەلە، دەستووری ئەیلوولی ١٩٦٨یش لە ماددەی ١١دا ئاماژەی بە مەسەلەی مافی لەئەستۆگرتنی وەزیفەکانی گشتی نەکردووە، بەڵکو تەنیا لە ماددەی ٦٣ و بڕگەی ج دەڵێت: ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەیە لە دامەزراندنی فەرمانبەرانی مەدەنیی دەوڵەت و بەرزکردنەوەی پلە و پۆست و کۆتایی هێنان بە راژەیان و خانەنشینکردنیان بە پێی یاسا. بەڵام دەستووری ٢٠٠٥ لە ماددەی ١٠٧ دا ئاماژە دەکات بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی گشتیی ئیتیحادیی راژە بۆ رێکخستنی کاروباری گشتی، لە پرۆژەی ٢٠٠٩ی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا و لە ماددەی ٧٤ و بڕگە ١٣ بۆ دامەزراندن و بەرزکردنەوەو دەرکردن و لابردنی فەرمانبەران و خانەنشینکردنیان بەپێی یاسا دەسەڵاتەکان دراونەتە ئەنجومەنی وەزیران.

لە عێراقدا و لەسەردەمی پاشایەتی دوو یاسا بۆ رێکخستنی کاروباری فەرمانبەران دەرچوون، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٢٩ و دووەمیش لە ساڵی ١٩٣٦ کە چەندین ئەرکی خستە ئەستۆی فەرمانبەر بەپێی ماددە ٣ی یاسای ژمارە ٤١ی ساڵی ١٩٢٩ کە بەم شێوەیە هاتووە، لەسەر فەرمانبەر پێویستە:

١. بەپێی یاساو رێنماییەکان ئەرکی خۆی راپەڕێنێت و رەفتاری لەگەڵ شەرەفی وەزیفەکەی گونجاو بێت.

٢. نهێنیی کاروباری وەزیفەکەی بپارێزێت.

٣. بەشداری لە زیادکردنەکاندا نەکات.

٤. کەسە نزیکەکانی دانەمەزرێنێت.

٥. بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکاندا نەکات.

بەڵام یاسای ژمارە ٦٩ی ساڵی ١٩٣٦ لە ماددەی ٤ دا بەدەق دەڵێت:

١. لەسەر هەموو فەرمانبەرێك ئەم ئەرکانە پێویستە:

أ- بەپێی یاسا و رێنماییەکان ئەرکەکانی سەر شانی راپەڕێنێت و گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە بێت کە لە سەرۆکەکانییەوە و لە چوارچێوەی وەزیفەکەی بۆی دەردەچن.

ب- پاراستنی ئەو نهێنییانەی لێیان ئاگادارە لە وەزیفەکەیدا و ترسی ئەوە هەیە لە دزەپێکردنیاندا زیان بە دەوڵەت و خەڵك بگەیەنێت، ئەگەر بیاندرکێنێت، یان لەلایەن سەرووی خۆیەوە پێی راسپێردراون کە تا دوای کۆتایی راژەکەی بیانپارێزێت.

ج- بەکارنەهێنانی دەسەڵاتی فەرمیی خۆی لە یەکلاییکردنەوەی کێشە تایبەتییەکانی و ئەنجامنەدانی هەر کارێك لەگەڵ شەرەفی وەزیفەکەیدا نەگونجێت، چ لە ئەرکەکەیدا، یان لە دەرەوەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا.

٢. فەرمانبەر ئەگەر سەرپێچیی ئەرکەکەی کرد، سزادەدرێت بە بڕگە یەکی ئەو ماددەیە، ئەویش بە بەندکردن کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، لەگەڵ پێشێل نەکردنی ئەو سزا توندانەی لە یاسادا هاتوون.

٣. دوورکەوتنەوە لەمانەی خوارەوە:

أ- قەرزکردنی نیوەی مووچەی ساڵانەی بێ رەزامەندیی سەرۆکەکەی و ئیش پێ کردنی بۆ سوودوەرگرتن لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و هەموو مامەڵەکانی دیکە بە مەبەستی قازانجکردن، جگە لە بەشداریکردن لە کۆمپانیای پشکدار و سپاردنی پارە لە بانکەکان و بەڕێوەبردن و چاندنی موڵك و زەوی و کاری ئەوقاف کە خۆی خاوەنییەتی، یان برا و هاوژین، یان ئەوانەی سەرپەرشتییان دەکات.

ب- بەشداریکردن لە زیادکردنی فەرمی و لە کەمکردنەوەکاندا کە راسپێردراوە بیکات.

ج- چوونی بۆ شوێنە گشتییەکان کە لەگەڵ کەسایەتی و وەزیفەکەیدا ناگونجێن.

د- قومارکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە.

هـ - دەرکەوتن بە سەرخۆشی لە شوێنی گشتیدا .

و- ئینتیماکردن بۆ کۆمەڵە، یان یانەی

**لە رووی مێژووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمیانی شۆڕشێکەوە دژی دەسەڵاتی دەوڵەت دامەزراوە و کولتووری سیاسیشی ئاراستەکراوە بەرە و دانانی کۆتوبەند بەسەر چالاکییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا**

**شکۆی دەوڵەت بەگوێرەی جیاوازیی سیستەمی سیاسی جودایە، لە سیستەمە دەسەڵاتخوازەکاندا شکۆیەکە بە زۆر سەپێنراوە، کەچی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا ئەو شکۆیە لە رێی شەرعییەتەوە بەدەست دەکەوێت**

**شەرعییەت لە رێی سیستەمی دیموکراسییەوە بەدەست دێت، دواتر سەرچاوەی شکۆی دەوڵەت ئەو شەرعییەتەیە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دامەزراوە**

سیاسی و کارکردن لە کاروباری حزبیی سیاسی و بڵاوکردنەوەی وتاری سیاسی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بە واژۆی ئاشکرا و خوازراو.

ز- کەسێکی نزیکی خۆی لە پلە یەك، یان دوو، یان سێ لە وەزیفە دابمەزرێنێت، کە لەژێر ئیدارەی خۆیدایە.

بەڵام لە سەردەمی کۆماریدا هیچ یاسایەك تایبەت بە رێکخستنی کاروباری فەرمانبەران دەرنەچووە، جگە لە ساڵی ١٩٩١ کە یاسای ژمارە (١٤) دەرچووە و تێیدا هاتووە:

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی فەرمانبەر**

**مادده ٣**

وەزیفەی گشتی راسپاردنێکی نیشتمانی و خزمەتێکی کۆمەڵایەتییە و ئامانج لێی بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتکردنی هاووڵاتیانە لەبەر رۆشنایی ئەو بنەما یاساییە جێبەجێکراوانە.

**ماددەی ٤**

فەرمانبەر بەو ئەرکانە پابەندەبێت:

**یەکەم:** بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەی لەلایەن خۆیەوە و بە دەستپاکی و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی.

**دووەم:** پابەندبوون بە کاتەکانی کار و ئامادەنەبوونی بێ مۆڵەت، تەرخانکردنی هەموو کاتی دەوامی فەرمی بۆ کارکردن.

**سێیەم:** رێزگرتنی سەرۆکەکانی و پابەندبوون بە مۆرال و رەوشت لە قسەکردن لەگەڵیانداو، گوێڕایەڵیی فەرمانەکانیان تایبەت بە ئەرکەکانی لەو سنوورەی کە یاساو رێنماییەکان رێگەیان پێداوە، ئەگەر ئەو فەرمانانە پێچەوانە بوون ئەوا فەرمانبەر دەبێ ئەو سەرپێچییانە بۆ سەرەوەی خۆی بنووسێت و پابەند نەبێت بەو فەرمانانە، مەگەر سەرۆکەکەی بە نووسراو دووپاتی بکاتەوە، ئەوکاتە سەرۆکەکە خۆی بەرپرسیار دەبێت.

**چوارەم:** مامەڵەکردنی باش لەگەڵ ئەوانەی خوارەوەی خۆی بەشێوەیەك کەرامەتیان پارێزراو بێت.

**پێنجەم:** رێزگرتنی هاووڵاتیان و ئاسانکاری بۆ راپەڕاندنی مامەڵەکانیان.

**شەشەم:** پارێزگاریکردنی سامانی دەوڵەت کە لەژێر دەستیدایە و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست.

**حەوتەم:** پاراستنی زانیاری و بەڵگەنامەکان کە بە حوکمی وەزیفەکەی لێیان ئاگادارە ئەگەر نهێنی بوون، یان بترسێت لەوەی ئاشکرایان بکات و زیان بە دەوڵەت و کەسەکان بگەیەنێت، یان فەرمان لە سەرەوەی خۆی بە پاراستنیان دەرچووبێت، ئەو ئەرکەش تاکو دوای کۆتایی راژەکەی بەردەوام دەبێت، دوای خانەنشینی یان کۆتاییهێنان بە راژەکەی بە هەر شێوەیەك بێت، نابێ هیچ بەڵگەنامەیەکی نهێنی و فەرمی لا بمێنێت.

**هەشتەم:** پاراستنی کەرامەتی وەزیفەی گشتی و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە رێزگرتنی پێویست لەکەداردەکات، چ لەکاتی وەزیفەکەیدا، یان لە دەرەوەی کاتی دەوامی فەرمی.

**نۆیەم:** دوورکەوتنەوە لە قۆستنەوەی وەزیفەکەی بۆ بەدیهێنانی سوود، یان قازانجی تایبەتی بۆ خۆی و کەسانی دیکە.

**دەیەم:** گەڕاندنەوەی هەر شتێك کە لای بێت لە ئامێر و ئامراز بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان دوای کۆتایی کاری رۆژانە جگە لەوەی کە سروشتی کارەکەی ئەوە بخوازێت.

**یازدەیەم:** رەچاوکردنی یاساو رێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی تەندروستیی گشتی و سەلامەتی لە کارکردن و پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە.

**دوازدەیەم:** ئەنجامدانی کاری وەزیفی بەپێی یاساو رێنماییەکان.

ماددەی پێنجی یاسای سەرەوە ئەو شتانەی قەدەخەکردووە:

- تێکەڵکردنی دوو وەزیفە بە شێوەی فەرمی، یان تێکەڵکردنی وەزیفە لەگەڵ کارێکی دیکە، مەگەر بە حوکمی یاسا.
- کارکردن لە بازرگانی و دامەزراندنی کۆمپانیاو بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنەکانی کارگێڕی، جگە لە:

أ- کڕینی پشکی کۆمپاینا پشکدارەکان.

ب- ئەو کارانەی کە تایبەتن بە سامانی خۆی کە بە میرات بۆی ماوەتەوە یان، بەڕێوەبردنی سامانی هاوژینەکەی، یان خزمەکانی تا پلەی سێیەم.

**فەرمانبەر لە کارەکەی خۆیدا نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکات و رێزو شکۆی خۆی هەیە، کە لە شکۆو رێزی دەوڵەتەوە سەرچاوەدەگرێت، دەوڵەتیش شکۆی دەبێت کاتێ پشت دەبەستێت بەو شەرعییەتەی لە هاووڵاتیانەوە وەری دەگرێت**

**لە پرۆژەی ٢٠٠٩ی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا و لە ماددەی ٧٤ و بڕگە ١٣ بۆ دامەزراندن و بەرزکردنەوەو دەرکردن و لابردنی فەرمانبەران و خانەنشینکردنیان بەپێی یاسا دەسەڵاتەکان دراونەتە ئەنجومەنی وەزیران**

**پێویستە یاسایەک دەربچێت کە پێویست و گونجاوبێت بۆ پاراستنی حورمەت و کەرامەتی فەرمانبەری گشتی لە دەوڵەت، لەبەر ئەوەی رووی دەوڵەت پیشان دەدات و دواجار نابێ پەلامار بدرێت و دەستدرێژی بکرێتە سەری، چ لە رووی جەستەیی، یان مەعنەوییەوە بێت و نابێت لە مافە جەوهەرییەکانی بێبەش بکرێت**



● بەشداریکردن لە کەمکردنەوەکاندا.

● نەقۆستنەوەی دروستی کاتژمێرەکانی کار و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراون، یان کەمتەرخەمی و سستی لە کاردا کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرهەم و خزمەتگوزاری و مولڵکەکان.

● دەستکاریکردنی پرۆژەکان، یان تێکدانی ئامێرەکان و بابەتە سەرەتایی و پێداویستییەکان.

● بە ئەنقەست کەمکردنەوەی بەرهەم، یان زیان پێ گەیاندنی.

● دواکەواتن لە تەواوکردنی کار کە دەبێتە هۆی پەکخستنی کاری کەسانی دیکە.

● قەرزکردن، یان قبووڵکردنی پاداشت و دیاری و سوود لە خاوەن مامەڵە و بەڵێندەر و ئەوانەی گرێبەستیان لەگەڵ فەرمانگەکەیدا هەیە، یان هەر کەسێك بە هۆی وەزیفەکەیەوە پەیوەندیی لەگەڵ فەرمانبەرەکەدا هەبێت.

● ئامادەبوون لە شوێنی کارەکەی بە سەرخۆشی، یان دەرکەوتن لە حاڵەتی سەرخۆشیی ئاشکرا لە شوێنی گشتیدا.

● هەڵگرتنی هیچ کاغەزێکی ئەسڵی، یان بەڵگەنامەیەکی فەرمی، یان لێکردنەوەی ئەسڵییەکە لە دۆسێی تایبەت بە هەڵگرتن بۆ هەڵسوکەوتکردن پێی بۆ غەیری مەبەستی فەرمی.

● لێدوان، یان ئاشکراکردنی شت سەبارەت بە کارەکانی فەرمانگەکەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیان، کە ڕاستەوخۆ کاری وەزیفەکەی لەکەدار دەکات، تەنیا ئەگەر ڕێگەپێدراو بێت لەلایەن سەرۆکی پسپۆڕەوە.

● **کۆتایی**

لەبەرئەوەی شکۆی دەوڵەت دەخوازێت چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێت تا ئەم تایبەتمەندییە ڕێك بخرێت، بۆیە پێویستە یاسایەك دەربچێت کە پێویست و گونجاوبێت بۆ پاراستنی حورمەت و کەرامەتی فەرمانبەری گشتی لە دەوڵەت، لەبەر ئەوەی ڕووی دەوڵەت پیشان دەدات و دواجار نابێ پەلامار بدرێت و دەستدرێژی بکرێتە سەری، چ لە ڕووی جەستەیی، یان مەعنەوییەوە بێت و نابێت لە مافە جەوهەرییەکانی بێبەش بکرێت.



د. بەشیر حەداد

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە پشکی کوردستان لە بودجەی ئەمساڵی عێراق زیاتر بکەین

**لە ئێستادا کە بابەتی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ لەئارادایە، پێویست بەوە دەکات ئەندامانی کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق کۆببوونەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و زانیاری و پێداویستیی تەواو وەربگرن، تاوەکو بتوانن بۆ دابینکردنی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق بە تێروتەسەلی داکۆکی لە مافەکان و بودجەی گەلی کوردستان بکەن و سەرکەوتوو بن، بۆ ئەم مەبەستەش هاریکاری و هاوکاریی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان و حکومەتی هەرێم گرنگیی خۆیی هەیە، لەگەڵ ئەوەی لەکاتی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لەبەغدا دەکرێت و لەناو پەرلەمانیش لەگەڵ فراکسیۆنە جیاجیاکانی شیعە و سوننە ئەنجام دەدرێن، هاوکات لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرنگییەکی زیاتری هەیە، بۆ ئەوەی بە یەك هەست و دەست کار بکرێت و هەموان بە یەك تیم داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆبوونەوەی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان و حکومەتی کوردستان ئەنجام بدرێت، تاوەکو هەماهەنگیی و تێگەیشتنی بەردەوام هەبێت، تا تەواوی زانیاری و داتاکان لەناو حکومەتی کوردستان وەربگیرێن و لە بابەتی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ ئەندامانی کورد لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بتوانن بە باشی داکۆکی لە مافەکان و بودجەی گەلی کوردستان بکەن، لەلایەکی دیکەوە لەکاتێکدا کە هەوڵەکان چڕبوونەتەوە بۆ داڕشتنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠، هاووڵاتیان ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەمساڵ نەتواندرێت وەك ساڵی پار مووچەی فەرمانبەران مسۆگەر بکرێت، بۆیە لە ئێستاوە کارکردن و هەماهەنگیی نێوان ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لایەك و هەماهەنگیی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان و حکومەت گرنگیی خۆی دەبێت، ئەم بەتانە و هەندێك پرسی دیکەی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا تەوەری ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکدەهێنن.**

*** دیارە بۆ ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە هاریکاری و هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق دروست بکات، بۆ ئەوەی لە هەوڵەکانیان بۆ دابینکردنی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق سەرکەوتوو بن، ئایا ئەم هاریکاری و هاوکارییەی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان و حکومەتی هەرێم گەیشتۆتە کوێ و تاچەند کاریگەریی لەسەر هەوڵەکانی ئێوە دەبێت؟**

- بێگومان ئەو هەماهەنگی و پەیوەندییە زۆر گرنگە و ڕۆڵی باشی دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانی ئێمە لە بەغدا، لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری جەماوەری خەڵکی کوردستانین لە بەغدا و پێویستیمان بە داتا و زانیاری لەسەر دۆسیە و کێشەکان دەبێت، ئەو داتا و زانیارییانەش دەبێت بە تەواوی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستمان بکەوێت، چونکە ئێمە لە کاتی ئەو گفتوگۆیانە کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا دەیکەین و لەناو پەرلەمانیش لەگەڵ فراکسیۆنە جیاجیاکانی شیعە و سوننە ئەنجامی دەدەین، پێویستیمان بەو داتاو زانیارییانە دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە لە ناوخۆشماندا فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی بە یەك هەست و دەست کار بکەین و هەموومان بە یەك تیم داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین، ئەوە پێویستمان بەوە هەیە کە لەناوخۆدا تەبا بین، هەرچەندە ئەو تەباییە لەناو فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا ڕێژەییە، چونکە هەر فراکسیۆنێك لە بەغدا بۆی هەیە بە شێوەیەك کار بکات، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنن، یان ڕۆژێك ئۆپۆزسیۆن بوون، کە ئەمانە گلەیی زۆریان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

**عێراق قەرەبووی کوێت و خەڵکی خۆی لە سوننە و شیعە دەکات و ئەوانەی بە دەستی ڕژێمی پێشوو زیانمەند بوون، هەمووی قەرەبوو کرانەوە، تەنیا کورد قەرەبوو نەکراوەتەوە**

**کۆبوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاندەرێکی باشە بۆ فراکسیۆنەکان، تاوەکو هەر پرسیارێکیان هەبێت، یان هەر ناڕوونییەکیان هەیە و چ گلەیەکیان هەیە لەگەڵ حکومەت بیخەنەڕوو تاوەکو هەموو شتەکان بۆیان روون ببێتەوە**

**لەو کۆبوونەوەی کە چەند رۆژێک پێش ئێستا کە ئێمە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجاممان دا، زۆر لەو ناڕوونییانەی رەواندەوە کە لەلایەن هەندێک فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەبارەت بە داتاو زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو**

**پێویستە بەشێوەیەکی گشتی لێژنەیەک لە دارایی و نەوت و وزە و پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا بێن و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین ئەو هەماهەنگییە دروست بکەن**

**پێویستە ئەندامانی کورد لە لێژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی عێراق بێن و لەگەڵ حکومەتی هەرێم کۆببنەوە و داتا و زانیاریی تەواو و پێویست وەربگرن**

هەیە، هەر بۆیە ئەو فراکسیۆنانە لەکارکردندا بەپێی پێویست نایەن بەدەنگمانەوە، بۆیە ئەو کۆبوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان هاندەرێکی باشە بۆ فراکسیۆنەکان، تاوەکو هەر پرسیارێکیان هەبێت، یان هەر ناڕوونییەکیان هەیە و چ گلەیەکیان هەیە لەگەڵ حکومەت بیخەنەڕوو تاوەکو هەموو شتەکان بۆیان روون ببێتەوە و لەو کۆبوونەوەی کە چەند رۆژێك پێش ئێستا کە ئێمە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجاممان دا، زۆر لەو ناڕوونییانەی رەواندەوە کە لەلایەن هەندێك فراکسیۆنە کوردستانییەکان سەبارەت بە داتاو زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، لەبەر ئەوە ئەم کۆبوونەوەیەمان بە شتێکی باش زانی، پێمواییە لەمەودوا پێویستە ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان و حکومەتی کوردستان مانگی جارێك، یان دوو مانگ جارێك ئەنجام بدرێت، تاوەکو هەماهەنگی و تێگەیشتن لەنێوانماندا بەردەوام بێت، ئێمە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدا جۆرێك لە هەماهەنگی لەنێوانماندا هەیە، یەکێك لە ئیش و کارەکانمان ئەوەیە کە ئەو هەماهەنگییەی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان بپارێزین و بەهێزتریشی بکەین.

*** ئەو پرسانەی لەم کۆبوونەوەیەدا جەختی لەسەر کراوە، چی بوون و چۆن بەردەوامییان دەبێت؟**

- سەرەتا باسی ئەوەمان کرد کە ئەو کۆبوونەوانە گرنگن و بگرە درەنگیش کەوتوون، دەبووایە چەندین جاری دیکە کۆبوونەوەمان بکردایە، هەربۆیە وەکو سەرەتایەك لەسەر ئەوە رێککەوتین کە ئەمجۆرە کۆبوونەوانە بەردەوام بن و بە شێوەیەکی دەوری و بەپێی کات کۆ ببینەوە، هەروەها بڕیاردرا ئەم مەسەلانەی کە لە لێژنەکانی عێراق دێنە گۆڕێ، لێژنەکان و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنە کوردستانییەکان بێن و تەواوی زانیاری و داتاکان لەناو حکومەتی کوردستان وەربگرن، بۆ نموونە: لە ئێستادا کە باسی بابەتی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ لەئارادایە، پێویست بەوە دەکات ئەندامانی کورد لە لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بێن و کۆبوونەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و زانیاری و پێداویستیی تەواو وەربگرن، تاوەکو بتوانن بە باشی داکۆکی لە مافەکان و بودجەی گەلی کوردستان بکەن، هەروەها لەسەر مەسەلەی نەوت کە دیسان پێویستی بە زانیاری و داتا هەیە، ئەوە پێویستە ئەندامانی کورد لە لێژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی عێراق بێن و لەگەڵ حکومەتی هەرێم کۆببنەوە و داتا و زانیاریی تەواو و پێویست وەربگرن، ئەمە بڕیارێکی گرنگ بوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا درا کە هەر لێژنەیەك کێشە و ناڕوونییەکی هەبێت، پێویستی بەوە دەبێت یارمەتی و زانیاری و داتا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت و لەگەڵ حکومەت کۆببێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بەشێوەیەکی گشتی لێژنەیەك لە دارایی و نەوت و وزە و پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا بێن و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین ئەو هەماهەنگییە دروست بکەن، گرنگترین کاریش کە لەو کۆبوونەوەیەدا باسکرا سێ دۆسێ بوو:

١. دۆسێی بودجە
٢. دۆسێی نەوت
٣. دۆسێی ماددەی ١٤٠ و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

*** لە ئێستادا هەوڵەکان بۆ داڕشتنی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ چڕبوونەتەوە، خەڵك ترسی ئەوەی هەیە کە ئەمساڵ نەتوانرێت وەك ساڵی پار مووچەی فەرمانبەران مسۆگەر بکرێت، ئایا بە بۆچوونی ئێوە، ئەمساڵ پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- من نامەوێت خەڵك ترس و دڵەڕاوکێی هەبێت و نائومێد بێت بەوەی ئەمساڵ نەتواندرێت وەکو ساڵی پار مووچەی فەرمانبەران مسۆگەر بکرێت، چونکە هێشتا کاتمان لەبەردەم ماوە و ئێمەش لەکار و هەوڵەکانمان بەردەوامین و گەشبینین بەوەی هەوڵەکانمان سەر دەگرێت و دەتوانین ئەوەی ئامانجمانە بۆ گەلی کوردستان، مسۆگەری بکەین و ئەوەی کە

ئێستا هەیە و بەدەستهاتووە، زیادی بکەین، یان بەلانی کەمەوە بیپارێزین و بمێنێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و باش لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە، ئەوەتا شاندەکانی هەردوولا دێن و دەڕۆن و چەندین شاند لە هەرێم بەرەو بەغدا ڕۆشتوون و لە بەغداشەوە بەرە و هەرێم هاتوون، بەردەوامبوونی سەردانی شاندەکانیش کارێکی ئیجابییە و من پێم وایە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتی تا دوو مانگی دیکەش ئەم شاندانە دێن و دەچن و بەردەوامی بە دانیشتن و گفتوگۆکانیان دەدەن، لەلایەکی دیکەوە گفتوگۆی سیاسی و پەرلەمانییش هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە گفتوگۆ تاکەکەسییەکاندا کە لەنێوان ئەندام پەرلەمانەکان هەیە، بەپێی ئەم هەموو هەوڵانە کە هاتوچۆکان و گفتوگۆکان دەروازەیەکی باش و گرنگن، بەتایبەتی کە ئیرادەیەکی جددی و نییەتێکی باش لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان هەیە، من ئومێدەوارم بگەینە دەرئەنجامێکی باش و لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ و سەرەکی بدەم، ئەویش ئەوەیە کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا تەنیا کێشەی بودجە و مووچە نییە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئەگەر بەغدا بودجە و مووچەی بۆ ناردین، ئیتر کێشەمان لەگەڵ بەغدا نەماوە و بێدەنگ بین، بەغدا لە خوای دەوێت بێدەنگ بین و داوای ماف و شایستە داراییەکانی خۆمان نەکەین، گەلی کوردستان کێشەی خاك و نیشتمانی لەگەڵ بەغدا هەیە، کێشەی هەرێمێکمان لەگەڵ بەغدا هەیە کە موستەحەقات و شایستە سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و داراییەکانمان لەگەڵ بەغدا هەیە و کەڵەکەبووی ساڵانی رابردوون، مەسەلەی بودجە و مووچە بەشێکی بچووکی ئەو کێشانەی نێوانمانە.

*** هەر لەم چوارچێوەیەدا بودجە و مووچەی پێشمەرگەش خاڵێکی دیکەی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدایە، ئایا بۆ ئەم پرسە هیچ کێشەیەك هەیە؟ یان دەکرێت بڵێین، ئایا پرسی بودجە و مووچەی پێشمەرگە هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێشەوە؟**

- مووچەی پێشمەرگەی کوردستان هیچ کێشەیەکی تێدا نییە و مانگانە خەرج دەکرێت، تەنانەت چەند رۆژێك پێش ئێستا لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بانگهێشتی بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئەو وەزارەتەمان کرد بۆ پەرلەمان، پرسیاری مووچەی پێشمەرگەمان لێکردن و ئەوان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە مووچەی پێشمەرگە مانگ بە مانگ خەرج دەکرێت و دانراوە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە بۆچی تا ئێستا نەگەیشتۆتە هەرێمی کوردستان؟ من پێم وایە ئەمە بۆ چاوەڕوانیی ئەو بەیەکگەیشتنە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق دێتە ئاراوە، هەمووان دەزانن ئێستا فشارێکی زۆر لەسەر د. عادل عەبدولمەهدی هەیە، لەلایەن سوننە و لایەنی شیعەشەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە پارە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت و هەرێمی کوردستان پابەندی رادەستکردنی نەوتەکەی نەبووە، لەبەر ئەوە عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەو بارودۆخەدا نییە کە لەو پارەیە زیاتر بودجە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، هەرکاتێکیش هەرێمی کوردستان و بەغدا لە گفتوگۆکانیاندا گەیشتنە ئەنجامێکی باش، ئەو پارەیە ئامادەیە و حازرە تا بنێردرێت بۆ هەرێمی کوردستان و هەمووی پێکەوە بێت.

*** وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئایا کێشەی نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدا گەیشتۆتە کوێ؟ حکومەتی هەرێم دەڵێت ئێمە ئامادەین داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل رۆژانە تەسلیم بکەین، بەغداش هەر دوای رادەستکردنی ٢٥٠هەزار بەرمیل نەوت دەکات، ئایا خاڵی بەیەك نەگەیشتن لەکوێدایە؟**

- مەسەلەی نەوت بە سیاسی کراوە، بابەتی نەوت و کێشەو گرفتەکانی ئەم بوارە بەو شێوەیە نییە کە لە شەقامی عێراقی باس دەکرێت، چونکە راستە لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە رادەستی حکومەتی فیدراڵی عێراق ناکات، بەڵام هەموو مانگ پارەی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەی کە بڕیارە هەرێم رادەستی بەغدای بکات، لە بەغدایە و دەچێتە

بەردەوامبوونی سەردانی شاندەکان کارێکی ئیجابییە و من پێم وایە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە چارەسەری بنەڕەتی تا دوو مانگی دیکەش ئەم شاندانە دێن و دەچن و بەردەوامی بە دانیشتن و گفتوگۆکانیان دەدەن

کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا تەنیا کێشەی بودجە و مووچە نییە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئەگەر بەغدا بودجە و مووچەی بۆ ناردین، ئیتر کێشەمان لەگەڵ بەغدا نەماوە و بێدەنگ بین، بەغدا لە خوای دەوێت بێدەنگ بین و داوای ماف و شایستە داراییەکانی خۆمان نەکەین

ئێستا فشارێکی زۆر لەسەر د. عادل عەبدولمەهدی هەیە، لەلایەن سوننە و لایەنی شیعەشەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە پارە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت و هەرێمی کوردستان پابەندی رادەستکردنی نەوتەکەی نەبووە

ئەو بودجەیەی کە دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان بێت نزیکەی یەک تریلیۆن دینارە، بەڵام ئێستاکە تەنیا ٤٥٥ ملیار دینار دێت، ئەی باشە کوا ٥٤٥ ملیار دینارەکەی دیکە، ئەوەی دیکە بەغدا لەبری ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە دەیگێڕێتەوە



**پارەی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە کەمترە لەوەی ئێستا بەغدا دەیبڕێت، ئەم مەسەلەیە کە بەلاڕێدا براوە، مەسەلەیەکی یاساییە و هەرێمی کوردستان بێ یاسایی نەکردووە و پێچەوانەی دەستووری نەکردووە**

حکومەتی فیدراڵیی عێراق، کەواتە وەکو ئەوە وایە هەرێم ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت مانگانە رادەستی بەغدای بکات، بۆیە بەغدا پارەکەی خۆی وەرگرتووە، چونکە ئەو بودجەیەی کە دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان بێت نزیکەی یەك تریلیۆن دینارە، بەڵام ئێستاکە تەنیا ٤٥٥ ملیار دینار دێت، ئەی باشە کوا ٥٤٥ ملیار دینارەکەی دیکە، ئەوەی دیکە بەغدا لەبری ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە دەیگێڕێتەوە، ئەمەش جێبەجێکردنی بڕگەی (ج) لە خاڵی ٢ ی ماددەی ١٠ی یاسای بودجەی گشتی ساڵی ٢٠١٩ی عێراقە، ئەم خاڵە دەڵێت: (ئەگەر هەرێم ئامادە نەبوو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی خۆی رادەستی بەغدا بکات، ئەوا عێراق لە بودجەی هەرێم پارەی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە دەبڕێت و باقییەکەی دەداتەوە، نەك ئەوەی ئێستا دەکرێت هەر وایە بەڵکو زیاتریش دەبڕدرێت، چونکە پارەی ئەو ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە کەمترە لەوەی ئێستا بەغدا دەیبڕێت، ئەم مەسەلەیە کە بەلاڕێدا براوە، مەسەلەیەکی یاساییە و هەرێمی کوردستان بێ یاسایی نەکردووە و پێچەوانەی دەستووری نەکردووە، بەڵام هەندێك لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان بۆ شاردنەوەی شکستی خۆیان لە شارەکانیان و شکستی هەموو کێشەکانی عێراق، تا لە بیر خەڵکی خۆیان ببەنەوە و بێدەنگیان بکەن، هەموو گوناه و تاوانەکانیان دەخەنە سەر حکومەتی عێراق گوایە چاوپۆشی لە هەرێمی کوردستان دەکات، هەندێکیان دەڵێن ئەوەتا حکومەتی عێراق بەشی شارەکانی دیکەی عێراق دەداتە هەرێمی کوردستان، کار گەیشتۆتە ئەوەی پەرلەمانتار دەڵێت: (تاکەی حکومەتی عێراق وەکو مانگایەك بماندۆشێت بۆ بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان؟) ئەم جۆرە لێدوان و قسانە تەنیا بۆ فریودانی خەڵکی عێراق و بەلاڕێدابردنی راستییەکانە، چونکە لە راستیدا وانییە و ئێستاکەش موستەحەقات و مافی



زۆرمان لەحکومەتی عێراق هەیە و نەدراوە، بۆ نموونە: ئایا هیچ قەرەبوویەك بۆ خانەوادەی سەربەرزی ئەنفال و شەهیدان و کیمیابارانی هەڵەبجە و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و جینۆسایدکردنی ٨٠٠٠ بارزانی کراوین، بە تەئکید نەخێر هیچ قەرەبوویەك نەکراوینەتەوە، ئایا ئەو هەموو قەرزە کەڵەکەبووەی هەرێم کە لەسەر بەغدایە دراوەتەوە؟ لەکاتێکدا لە ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٧ سێ ساڵی رەبەق بودجە لەبەغداوە نەهاتووەتە هەرێمی کوردستان ئایا بەغدا داویەتیەوە؟ نەخێر نەیداوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا عێراق قەرەبووی کوێت دەکات و قەرەبووی خەڵکی خۆی لە سوننەو شیعە دەکات ئەوانەی کە بە دەستی رژێمی پێشوو زیانمەند بوون، هەمووی قەربوو کرانەوە، تەنیا کورد قەرەبوو نەکراوەتەوە، شایستەی جووتیارانی کوردستان لە ٢٠١٥ و ٢٠١٦ و ٢٠١٧ تائێستا نەدراوە، تەنانەت شایستەداراییەکانی دیکەی وەکو پێشمەرگە کە بە یاسای بودجە دانراوە تا ئێستا نەهاتووە بۆ کوردستان، هەموو ئەمانە شایستە و موستەحەقاتی کوردستانن بەسەر بەغداوە باسی لێوەناکەن، کەچی دێن دەیانەوێت شکستی خۆیان و بێ خزمەتگوزاریی شارەکانی خۆیان بشارنەوە.

*** لەم هەفتەیەدا وەرزی یاسادانانی نوێ لە پەرلەمانی عێراق دەست پێ دەکات، ئایا چۆن سەیری ئەم وەرزە دەکەیت؟**

- لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا وەرزی نوێی یاسادانان دەستی پێکردو دەستمان کردووە بە دانیشتنی پەرلەمان، ئەم وەرزەی پەرلەمانمان کەمێك زەحمەت دەبێت، بۆیە پێویستە ئێمەش خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، ئێمەش وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان خۆمان ئامادە کردووە و ئینشائەڵلا بە رۆحییەتێکی دڵسۆز و بە هیممەت و دەست و بردەوە هەموومان پێکەوە بە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست ئاگامان لە یەکتر دەبێت و بە یەك هەڵوێست داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی خۆمان دەکەین.

**هەندێک لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان بۆ شاردنەوەی شکستی خۆیان لە شارەکانیان و شکستی هەموو کێشەکانی عێراق، تا لە بیر خەڵکی خۆیان ببەنەوە و بێدەنگیان بکەن، هەموو گوناه و تاوانەکانیان دەخەنە سەر حکومەتی عێراق گوایە چاوپۆشی لە هەرێمی کوردستان دەکات**


Tunisia
Algeria
Libya
Egypt
Niger
Chad
Sudan
Eritrea
Faso
Benin
Nigeria
South Sudan
Ethiopia
Central African Republic
Cameroon
Somalia
Uganda
Kenya
Gabon
Congo
DR Congo
Tanzania
Angola
Zambia
Malawi
Mozambique
Namibia
Zimbabwe
Botswana
Madagascar
South Africa




# بۆتسوانا نەرویجی ئەفریقیایە

## حوکمڕانیی باشی بۆ هەناردەکردنی گۆشتی مانگا دامەزراند نەک بەرهەمهێنانی کانزای ئەڵماس

**یەکەم هەنگاوی گرنگ بۆ دەستپێکردنی حوکمڕانیی باش لە هەر دەوڵەتێکدا، لەو هەنگاوەوە دەست پێدەکات کە حزبی فەرمانڕەوا ئەولەویەت بداتە دروستکردنی رایەڵەیەکی هاوپەیمانیی سیاسیی بەهێز و دروستی بکات بۆ ئەوەی (بەشداریی سیاسی) نێوان هاووڵاتیان و حکومەت بێتەئاراوە و هاووڵاتیان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە وەک تۆڕێک پشتیوانی لە حکومەتی خۆیان بکەن**

**ئەزموونی حوکمڕانی سەلماندوویەتی، سیستمی سیاسی (دیموکراتی بێت، یان نادیموکراتی)، ئەوا هاووڵاتیان ئامادەباشییان تێدایە بە تەواوەتی پابەندی بیرۆکراتیەتی حکومەت بن، بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێتەئاراوە**

**لە کاتی نەبوونی ئەو زەمینەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، لە سیستمی دیموکراتیدا، هاووڵاتیان لەسەر سندوقی دەنگدان تۆڵە لە حزبی فەرمانڕەوا دەکەنەوە و، لە سیستمە نادیموکراتییەکانیش بێزاری و تووڕەیی هاووڵاتیان لە خاڵێکدا دەتەقێتەوە**

پێش ئەوەی دەوڵەتی قەبرستانی «رواندا» ببێتە دەستەخوشکی لە سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانیی باش و بونیادنانەوەی نەتەوەدا، دەوڵەتی بۆتسوانا تاکە نموونەی سەرکەوتنی پرۆسەی حوکمڕانیی باش و بونیادنانەوەی نەتەوە بووە لە ئەفریقیادا.

چیرۆکی سەرکەوتنی بۆتسوانا، چیرۆکێکی سەیر و جیاوازە، ئەم دەوڵەتە کە ئێستا دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ئەفریقیایە (بە جەزائیر و لیبیاشەوە کە هەر یەکەیان لەسەر دەریایەك نەوتن)، لەسەر ئاستی جیهان لە ریزی دەوڵەتە مامناوەندییەکان پۆلێن دەکرێت، بەڵام وەك دەوڵەت جیا لەوەی لە سەرەتای سەربەخۆبوونی لە ساڵی ١٩٦٥ هەژارترین دەوڵەتی جیهان بووە، ئەمەش هەڵکەوتەی خاکەکەی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێگەی جیۆپۆلیتکی و جیۆئیکۆنۆمییەکەی بووە:

١. دەوڵەتی بۆتسوانا کە رووبەرەکەی ٥٨٦ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، لە عێراق گەورەترە و هێندەی فەرەنسا دەبێت، ٧٠٪ی خاکەکەی بەشێکە لە بیابانی گەورەی کەلهاری لە باشووری ئەفریقیا و بێجگە لە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی باشووری ئەفریقیا، هیچ شوێنێکی ئەم دەوڵەتە ژیانی تێدا نییە و، ژمارەی دانیشتووانیشی لە ئێستادا دووملیۆن کەسن.

٢. دەوڵەتێکی داخراوە و هیچ رێگایەکی دەریایی نییە و، بە هەریەك لە دەوڵەتەکانی «باشووری ئەفریقیا، نامیبیا، زیمبابۆی، زامبیا» دەورە دراوە و، هەتا ساڵی ١٩٧١ کە یەکەم کانی کانزای ئەڵماس لێدرا، خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی سرووشتی نەبووە، بەردەوامیش مەترسیی وشکەساڵی لەسەر بووە، بۆیە زیاتر خەریکی ئاژەڵداری بوون وەك بەخێوکردنی مانگا و حوشتر و مەڕومالاّت.

٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی، هۆزگەرایی بووە و لە چەندین هۆز و شێوە زمانی جیاواز پێکدێت.

٤. تەنیا وڵاتە لەم جیهانەدا کە خۆی بانگهێشتی ئیمپریالیزمی بەریتانیای کردووە بۆ ئەوەی بێت و ئەم وڵاتە بکاتە مەحمیەی خۆی.

٥. لە ساڵی ١٩٦٥ سەربەخۆ بووە و لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا، پارتی دیموکراتی بۆتسوانا (BDP) بۆتە حزبی فەرمانڕەوا و هەتا ئێستاش ئەو پارتە لە دەسەڵاتدایە.

٦. لە ساڵی ١٩٦٦ داهاتی ساڵانەی تاکەکەس تەنیا ٧٠ دۆلاری ئەمریکی بووە و بە هەژارترین دەوڵەتی ئەم جیهانە دانراوە.

لەبەر رۆشنایی ئەم فاکتانە کە هەموویان خاڵی لاواز و ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم پیادەکردنی حوکمڕانی و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی، بەڵام موعجیزەیەك لە پرۆسەی حوکمڕانیی باش و بونیادنانەوەی نەتەوە دەبینین کە جێگەی سەرسامیی هەموو دەوڵەتمەدران و بیرمەندان و توێژەرانی بواری سیاسەتی حوکمڕانی و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەن.

لەوانەیە هەندێك ئەم گەشەکردن و پەرەپێدانەی لە بۆتسوانا هاتۆتە ئاراوە، بیگێڕنەوە بۆ دۆزینەوەی کانی کانزای ئەڵماس، بەڵام توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە ئەگەر ئەو بیرۆکراتییە سەرکەوتووەی حکومەتی بۆتسوانا نەبوایە کە لە دوای ساڵی ١٩٦٦ دایانمەزراند، ئەوا پرۆسەی بەرهەمهێنانی کانزای ئەڵماسیش وەك ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی نەوتن (بێجگە لە نەرویج) بۆیان لە نەفرەتی داهات (Resource Curse)، دەبووە سەرچاوەیەك بۆ نەهێشتنی هەموو توانا مرۆییەکانی نەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتاوە و بە پشتنبەستن بە هەناردەکردنی گۆشتی مانگا (Beef) لە چوارچێوەیەی بەڕێوەبردنێکی چالاك و حوکمڕانییەکی باشدا دەستیان پێکرد، ئەوا ئەگەر کانی کانزای ئەڵماسیش نەدۆزرایەتەوە، ئەم پەرەپێدان و پێشکەوتنە هەر بەردەوام دەبوو، بەڵام گرنگیی داهاتی کانزای ئەڵماسەکە لەوەدا بوو کە ئەم پەرەپێدان و پێشکەوتنەی خێراتر کرد.

## ● بیرۆکراتیی بەهێز و رێگرتن لە گەندەڵی نهێنیی سەرکەوتنی حوکمڕانیی باشن

پرۆفیسۆر ئەندریاس ڤایمەر کە ئوستادی سیسۆلۆژی و فەلسەفەی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، لە کتێبە تازەکەیدا بە ناونیشانی (بونیادنانەوەی نەتەوە: بۆچی هەندێك نەتەوە هاوشان دەڕۆن و هەندێکی دیکە شکست دەهێنن Nation Building: Why Some Countries Come Together While Others Fall Apart)،

چاپتەرێکی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ

سەرکەوتنی حوکمڕانی لە بۆتسوانا و شکستی حوکمڕانی لە سۆماڵ، ئەوەی بۆتسوانای ناوناوە (چیرۆکی سەرکەوتنی نەتەوە) و ئەوەی سۆماڵیشی ناولێناوە (مێژووی لەبەریەکهەڵوەشانی نەتەوە)، سەبارەت بە شێوازی حوکمڕانی لە بۆتسوانا بەمجۆرە نووسیویەتی: «کاتێك باس لە حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو دەکەین، گرنگە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن حزبی فەرمانڕەوا دەتوانێت تۆڕێکی فراوانی هاوپەیمانیی سیاسی لە نێوان حکومەت و خەڵکدا دروست بکات، ئەم هاوپەیمانییەش هەموو هاووڵاتیان لە باکگراوندی جیاوازەوە پێکەوە کۆدەکاتەوە»، ئەم دەستنیشانکردنەی پرۆفیسۆر ڤایمەر ئەوەمان پێ دەڵێت کە یەکەم هەنگاوی گرنگ بۆ دەستپێکردنی حوکمڕانیی باش لە هەر دەوڵەتێکدا، لەو هەنگاوەوە دەست پێدەکات کە حزبی فەرمانڕەوا ئەولەویەت بداتە دروستکردنی رایەڵەیەکی هاوپەیمانیی سیاسیی بەهێز و دروستی بکات بۆ ئەوەی (بەشداریی سیاسی) نێوان هاووڵاتیان و حکومەت بێتەئاراوە و هاووڵاتیان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە وەك تۆڕێك پشتیوانی لە حکومەتی خۆیان بکەن، ئەمەش بەو مانایەی زەمینەیەك بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت خزمەتگوزاریی گشتی بۆ تێکڕای هاووڵاتیان و سەرجەم ناوچەکانی دەوڵەت دابین بکات.

ئەزموونی حوکمڕانی سەلماندوویەتی، سیستمی سیاسی (دیموکراتی بێت، یان نادیموکراتی)، ئەوا هاووڵاتیان ئامادەباشییان تێدایە بە تەواوەتی پابەندی بیرۆکراتیەتی حکومەت بن، بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێتەئاراوە، بەڵام لە کاتی نەبوونی ئەو زەمینەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، لە سیستمی دیموکراتیدا، هاووڵاتیان لەسەر سندوقی دەنگدان تۆڵە لە حزبی فەرمانڕەوا دەکەنەوە و، لە سیستمە نادیموکراتییەکانیش بێزاری و تووڕەیی هاووڵاتیان لە خاڵێکدا دەتەقێتەوە، هەروەك لە راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی بینیمان.

گرنگی و سیحری نەبوونی بۆشایی لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەت لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر بۆشایی سیاسی لەنێوان هاووڵاتی و حکومەت بوونی نەبوو، ئەوا پشتگیریی هاووڵاتیان بۆ حکومەت دەبێتە ئەو ئیرادەیەی کە توانای ئەوەی دەبێت ئاستەنگە قورسەکان لابەرێت. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: چۆن ئەو بۆشاییەی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت پڕدەکرێتەوە و بوونی نامێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەك پرۆفیسۆر ڤایمەر لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە، لەو هەنگاوەوە دەست پێ دەکات کە حکومەت لە ستراتیژیەتی دارشتنەوەی هەیکەلەی خۆیدا لەسەر بنەمای لێهاتوویی لە پیشەی خۆیدا (meritocracy) و بە کەسانی تەکنۆکرات جومگەکانی خۆی بەهێز بکات، بۆ ئەوەی توانای جووڵەی خێرای هەبێت، سەبارەت بەم لایەنە وەك لە ئەزموونی بۆتسوانا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، گرنگە ئەو خەڵکە تەکنوکراتە لێهاتووە لە پۆستی گشتیدا دانەنرێن بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر گوشاری سیاسییەکان و خاوە نفووزەکان لە وڵاتدا، بەمەش بیرۆکراتیەتی حکومەتی لەو گوشارانە رزگار کرد.

ئەم هەنگاوە کە لەیەك کاتدا شکۆی دەوڵەت و شکۆی فەرمانبەر پێکەوە پێناسە دەکاتەوە، دەبێتە هۆکاری پەرەپێدانی گیانی دڵسۆزی (An Ethos of Dedication) بۆ رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە خێرایی.

ئەم ئاراستەیە زۆر راشکاوانە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە خاڵی گرنگ و سەرەکی بۆ بونیادنانی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو لە سیاسەتی دەستنیشانکردنی کەسانی لێهاتوو لە پیشەی خۆیدا بۆ جومگەکانی حکومەت دەست پێ دەکات، چونکە ئەم هەنگاوە پەرەپێدانی گیانی دڵسۆزی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە بناخەیەك بۆ ئەوەی هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی حکومەتیش هەست بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری هەنگاوە سەرەتاییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین و، بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بونیادنانی حوکمڕانیی باش بەراوردی بکەین، ئەوا دەبینین بە هاوشێوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانی و لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی هەنگاوی دروستی

**ئەگەر بۆشایی سیاسی لەنێوان هاووڵاتی و حکومەت بوونی نەبوو، ئەوا پشتگیریی هاووڵاتیان بۆ حکومەت دەبێتە ئەو ئیرادەیەی کە توانای ئەوەی دەبێت ئاستەنگە قورسەکان لابەرێت**

**خاڵی گرنگ و سەرەکی بۆ بونیادنانی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو لە سیاسەتی دەستنیشانکردنی کەسانی لێهاتوو لە پیشەی خۆیدا بۆ جومگەکانی حکومەت دەست پێ دەکات**

**ئەگەر سەیری هەنگاوە سەرەتاییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین و، بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بونیادنانی حوکمڕانیی باش بەراوردی بکەین، ئەوا دەبینین بە هاوشێوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانی و لەسەر بنەمایەکی نیشتمانی هەنگاوی دروستی هەڵگرتووە**

هەڵگرتووە، ئەو هەنگاوانەش بریتین لە:

١. لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامانجی ئەوە بوو ئەو تۆڕی هاوپەیمانییەی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دروستی دەکات، فراوانتر بێت و ئەو حزبانەش بگرێتەوە کە ئێستا لە پەرلەمان بەرەی ئۆپۆزسیۆنیان هەڵبژاردووە، بەڵام لەم کابینەیەدا هاوپەیمانییەکی تۆکمە لە نێوان سێ حزبی سەرەکی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دروست بووە، بەمەش بناخەیەکی پشتگیریی میللیی فراوانی بە ڕێژەی ٨٠-٨٥٪ بۆ حکومەت دروست کردووە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی حزبە سەرەکییەکان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان ئەم حکومەت بە هی خۆیان بزانن.

٢. بەرنامەی هاوبەشی هەرسێ حزبەکە ( پارتی و یەکێتی و گۆڕان) و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لەم حکومەتدا، لەسەر بنەمای نەهێشتنی بۆشایی نێوان هاووڵاتی و حکومەت دامەزراوە، ئەم خاڵەش جیا لەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ فراوانکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دروست دەکات، لە هەمانکاتدا ئەقڵییەتی حوکمڕانی و ئۆپۆزسیۆن بوون بەرەو کامڵبوون دەبات و، دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەقامگیریی سیاسی و سەقامگیریی حوکمڕانی لە کوردستاندا.

٣. هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم بۆ گەیاندنی شکۆی دەوڵەت و شکۆی فەرمانبەر بۆ ئاستێکی بەرز، خۆی لە خۆیدا شکۆی دەوڵەت و شکۆی فەرمانبەر دەکاتە گەوهەری سیاسەتی دژە گەندەڵی و ڕێگرتن لە گەندەڵی لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریدا.

٤. کارکردن بە یاسای ڕاژە، دەقاودەق پیادەکردنی سیاسەت و ستراتیژیی دامەزراندنە لەسەر بنەمای لێهاتوویی لە پیشەدا (Policy Meritocracy).

ئەم چەند هەنگاوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە بەرنامەی ئەم حکومەتە لەسەر بنەمای پەرەپێدانی گیانی دڵسۆزی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت.

بەڵام ئایا دوای دروستکردنی ئەم زەمینەیە و دەستپێکردنی خێرا بە فراوانکردنی دابینکردنی

**بەرنامەی هاوبەشی هەرسێ حزبەکە ( پارتی و یەکێتی و گۆڕان) و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لەم حکومەتدا، لەسەر بنەمای نەهێشتنی بۆشایی نێوان هاووڵاتی و حکومەت دامەزراوە، ئەم خاڵەش جیا لەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ فراوانکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دروست دەکات، لە هەمانکاتدا ئەقڵییەتی حوکمڕانی و ئۆپۆزسیۆن بوون بەرەو کامڵبوون دەبات**



خزمەتگوزارییەکان چی دیکە لە حکومەت دەخوازێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانی هەوڵیانداوە پێش هەموو شت، فاکتەرەکانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن کە بە پلەی یەکەم، ڕێگەگرتن بووە لە هەڵگرتنی چەك لەلایەن هاووڵاتیان و ڕێگرتن بووە لە درووستبوونی کێشە لەناو کۆمەڵگە، بەڵام ئەم دوو هەنگاوە تایبەتن بەو دەوڵەتانەی کە سەربەخۆن و بەشێك نین لە دەوڵەتێکی دیکە، بۆیە پرسیار ئەوەیە: دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دیکە بکات بۆ ئەوەی زەمینەی لەبار بۆ فراوانکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەمجۆرە دەدەینەوە:

● کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی هەرێم هەر لە سەرەتاوە و لە ڕێگەی بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆوە، بڕیاری داوە کە سەرجەم مۆڵەتەکانی چەك هەڵگرتنی هاووڵاتیان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەنگاوی یەکەمی بنبڕکردنی چەکە لە کۆمەڵگە، ئەم هەنگاوەش جیا لەوەی ستوونەکانی سەروەریی یاسا بەهێز دەکات، لە هەمانکاتدا هۆکارێکیشە بۆ ریگرتن لە دروستبوونی کێشە لە کۆمەڵگەدا.

● لەگەڵ حزبە سیاسییەکان (بە حزبە سیاسییە بەشدارەکانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنیش)، هەروەها لەگەڵ تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان هەوڵیداوە هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، هیچ لایەك لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی کێشەی لەگەڵ حکومەت نەمێنێت.

● لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بوونی کێشە لەگەڵ حکومەتی عێراق کاریگەری گەورەی لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت دەبێت، بۆیە خاڵی سەرەکی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەم ئەوەیە کە تەواوی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن، لەمەش زیاتر هەوڵیداوە هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان حکومەت و تەواوی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق دروست بکات، بۆ ئەوەی جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەبێتە ئاستەنگ لە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

**هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم بۆ گەیاندنی شکۆی دەوڵەت و شکۆی فەرمانبەر بۆ ئاستێکی بەرز، خۆی لە خۆیدا شکۆی دەوڵەت و شکۆی فەرمانبەر دەکاتە گەوهەری سیاسەتی دژە گەندەڵی و ڕێگرتن لە گەندەڵی لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاریدا**



**ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانی هەوڵیانداوە پێش هەموو شت، فاکتەرەکانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن کە بە پلەی یەکەم، ڕێگەگرتن بووە لە هەڵگرتنی چەک لەلایەن هاووڵاتیان و ڕێگرتن بووە لە درووستبوونی کێشە لەناو کۆمەڵگە**

**لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بوونی کێشە لەگەڵ حکومەتی عێراق کاریگەری گەورەی لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت دەبێت، بۆیە خاڵی سەرەکی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەم ئەوەیە کە تەواوی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن**

**گرنگی و سەرکەوتنی حوکمڕانیی باش لەوەدایە کە ڕێگاکان لە دروستبوونی گەندەڵی بگرێت، نەک زەمینەی گەندەڵی لەبار بێت و گەندەڵکاران پۆلین بکرێن**

هەموو ئەم هەنگاوانە سەرەتایەکی ئومێدبەخشیان لای هاووڵاتیانی کوردستان دروست کردووە، بۆ ئەوەی رایەڵەیەکی پتەو بۆ بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا دروست بکات. لەوانەیە خوێنەر لەکۆی ئەم باسەدا ئەو پرسیارە بورووژێنێت، کە ئەم بەشە بە تەواوەتی تەرخان بووە بۆ (بەهێزکردنی بیرۆکراتیەتی حکومەت و دژایەتی گەندەڵی)، بەڵام بۆچی زۆر کەم لەسەر دژایەتیکردنی راستەوخۆی گەندەڵی هەڵوەستمان کردووە؟ لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین: گرنگی و سەرکەوتنی حوکمڕانیی باش لەوەدایە کە ڕێگاکان لە دروستبوونی گەندەڵی بگرێت، نەك زەمینەی گەندەڵی لەبار بێت و گەندەڵکاران پۆلین بکرێن.

- **سیاسەتی کۆکردنەوەی تواناکان و کارلێککردنی لەگەڵ سەرچاوە سرووشتییەکان**

سەرچاوەی سرووشتی نیعمەتێکی باشە بۆ هەر نەتەوەیەك، ئەگەر بوونی هەبێت، بەڵام لە بەشی زۆری هەموو ئەو وڵاتانەی خوا نیعمەتی سەرچاوەی سرووشتی پێ بەخشیون، بە هۆکاری حوکمڕانیی خراپ، ئەم نیعمەتە خواییە بۆ گەلەکەی بۆتە نەفرەت، وەك تەواوی وڵاتانی خاوەن پترۆڵ (بێجگە لە نەرویج و تا رادەیەکیش ئیماراتی عەرەبی).

هۆکار سەرەکی بۆ بوونی نیعمەتی سەرچاوەی سرووشتی بە نەفرەت بۆ گەلەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حوکمڕانانی ئەو دەوڵەتانە دەستبەرداری هەموو توانا و لێهاتووییەکی سامانی مرۆیی دەبن و ناتوانن لە سەرمایەی مرۆیی سەرچاوەی داهاتی دیکە دروست بکەن و تەنیا پشت بە داهاتی سامانە سرووشتییەکە دەبەستن، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەموو ئەو ستوونانە بشکێن کە سیستمی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتووی لەسەر بونیاد دەنرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٨ و لە میانەی کۆڕبەندێکی ئابووری کە لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە بەڕێوەچوو، لی کوان یو (سەرۆکی پێشووی سەنگافورا) بەشدار بوو لە کۆڕبەندەکەدا وتەیەکی هەبوو، لە دەستپێکی قسەکانیدا، لی کوان یو، ئەو پرسیارەی لە خۆی کرد، ئەگەر من خەڵکی سعودیە بوومایە، چۆن بووژانەوەم لە ئابووریی ئەم وڵاتەدا دروست دەکرد؟ هەر خۆی لە وەڵامدا گوتی: «سەیری ئەو سەرچاوانەم دەکرد کە لە وڵاتەکەدا دەکرێت بکرێتە سەرچاوەی داهات بۆ پەرەپێدان و بونیادنانەوە...» دیارە سەرچاوەی سەرەکیی داهات بۆ وڵاتێکی وەك سعودیە (پترۆڵ و حوشتر بەخێوکردنە)، ئینجا لی کوان یوو، دیسان پرسیار لە خۆی دەکاتەوە و دەڵیت: «لە نێوان ئەم دوو سەرچاوەیە کامیانم هەڵدەبژارد؟»، لی، رووەدەکاتە ئامادەبووان و دەڵێت: «من پترۆڵم وەك سەرچاوەی داهات هەڵدەبژارد، بەڵام پترۆڵم بە خاوی هەناردە نەدەکرد، بەڵکو لە وڵاتەکەدا پیشەسازیی پترۆکیمیاویم دادەمەزراند و دەمکردە هۆکاری پەیدابوونی سەدان سەرچاوەی داهاتی دیکە.»

ئەگەر سەرنج لە تێڕوانینی سەرۆکێکی وەك لی کوان یو بدەین کە سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەی لە سەنگافورای بێ سەرچاوەی سامانی سرووشتی کردووە بە موعجیزەیەك و جیهانی پێ سەرسام کردووە، ئەو رێنماییە بە سعودیەی خاوەنی گەورەترین یەدەگی پترۆڵ لە جیهاندا دەدات، کە دەکرێت بەبێ سامانی سرووشتییش پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەگەر خوا ئەم سامانە بە نەتەوەیەك ببەخشێت و بە شێوەیەکی ئاقڵانە لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی باشدا مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەوا کارلێکی داهاتی سامانی سرووشتی لەگەڵ لێهاتوویی تونای سەرمایەی مرۆیی، دە هێندەی دیکە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە خێراتر و سەرکەوتووتر دەکات.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری نەخشەڕێگەی حکومەتی بۆتسوانا بکەین، پێش دۆزینەوەی کانی کانزای ئەڵماس، دەبینین لە ماوەی ١٠ ساڵی یەکەمی حوکمڕانییەکەیاندا، داهاتی کانزای ئەڵماسیان نەبووە، بەڵام لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی باشدا توانییان بە ئیدارەدانێکی رێکوپێکی هەناردەکردنی گۆشتی مانگا ئاراستەیەکی راست بۆ حوکمڕانیی باش دروست بکەن، هەر بۆ نموونە هەر لەسەروبەندی کۆتاییهاتنی ماوەی ئیمپریالیزم لە ساڵی ١٩٦٥، دامەزراوەیەکیان بە ناوی

لیژنەی «گۆشتی بۆتسوانا - Botswana Meat Commission» دامەزراند، کە ئەو کات هەموو دەوڵەمەندەکان و سیاسییەکانی ئەو وڵاتە خاوەنی مێگەلێك ئاژەڵی خۆیان بوون، بۆیە ئەم لیژنەیە بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لەنێوان دەوڵەمەند و سیاسییەکان دروست کرد، ئەو بەرژەوەندییەش زامنکردنی نرخی نەگۆڕی گۆشتی هەناردەکراوی مانگا بوو بۆ دەرەوە، ئەم سیاسەتە بۆ نرخی نەگۆڕی گۆشتی مانگا، بووە هۆکاری ئەوەی سەقامگیری بۆ دراوی پواڵ- Pual بەرامبەر دراوە بیانییەکان دروست بکات، ئەم سەقامگیرییەی نرخ بووە هۆکاری ئەوەی کەرتی هەناردەکردنی گۆشتی مانگا بۆ ئەوروپا زۆر فراوان بکەن و بەمەش سەرچاوەیەکی دیکەی لە پاڵ داهاتی گومرك و باج بۆ حکومەت دروست کرد، هەر بۆیە هەر لەساڵی یەکەمدا پایتەختێکی نوێی بە ناوی گابۆرنی- Gaborone دامەزراند و دەستی کرد بە قیرتاوکردنی شەقامەکان و گەیاندنی ڕێگای شایستە بە گوندەکان. بەمەش لە ماوەیەکی کورتی چەند ساڵێدا داهاتی خاوەن ئاژەڵەکان بووە دوو هێندە و لە ساڵی ١٩٧٦ بووە سێ هێندە، بەمەش ئاژەڵداری بووە پیشەی سەرەکیی هاووڵاتیانی بۆتسوانا و بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ١٩٨٠ بەرێژەی ٥٥٪ی گوندنشینەکان خاوەنی مێگەلی خۆیان بوون.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەوڵەتی بۆتسوانا، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کانزای ئەڵماس کرد و چۆن داهاتی ئەم سامانە سرووشتییەی لەگەڵ توانای مرۆیی وڵاتەکەی کارلێك کرد و ژێرخانی وڵاتی پێ بووژاندەوە؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر ڤایمەر لە دیراسەتەکەیدا لەسەر بۆتسوانا دەڵێت: «لە ساڵی ١٩٧١ بەرهەمهێنانی کانزای ئەڵماس لەسەر ئاستی لۆکاڵ دەستی پێ کرد کە ساڵانی نێوان ١٩٧٢-١٩٧٥ تەنیا ٢,٨ ملیۆن پۆاڵ کە دەکاتە نزیکەی ( ٢٥٠ هەزار دۆلار) داهاتی بوو، کە داهاتێکی زۆر کەم بوو،

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی بۆتسوانا لەمیانەی دانوستاندنێکی سەرکەوتوودا توانی کۆنتراکتێکی زۆر باش لەگەڵ کۆمپانیا دی برێز (De Berres) ی بەرهەمهێنەری ئەلماس لە جیهاندا بە قازانجی ٥٠-٥٠ لەداهاتدا ئیمزا کرد، ئەم کۆنتراکتە بووە هۆکاری ئەوەی داهاتی ئەڵماس بگاتە ١٨ ملیۆن پۆال کە دەکاتە نزیکەی ٨-٩ هێندەی داهاتی پێشتریان».

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لێهاتوویی پرۆسەی حوکمڕانی لە بۆتسوانا توانیویەتی لەمیانەی یەك کۆنتراکتی ئاقڵانەدا بە یەکجار داهاتی کانزا سرووشتییەکەی ساڵانە ٨-٩ هێندەی دیکە زیاد بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم داهاتەش هاوشانی داهاتەکانی دیکەی وەك (گومرگ و باج و هەناردەکردنی گۆشتی مانگا) لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی باشدا بوونە کۆمەڵێك سەرچاوەی باش لەبەردەستی حکومەتدا، توانرا بە ئاستێك پەرەپێدانێکی بەردەوام لە وڵاتەکە سەربخەن، کە داهاتی ساڵانەی تاك لە ٧٠ دۆلاری ساڵی ١٩٦٦ بگەینە زیاتر لە ١٦ هەزار دۆلار لە ئێستادا.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئێمە لە هەرێمی کوردستان توانیومانە بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ گاز و پترۆڵ بکەین وەك دوو سەرچاوەی سامانی سرووشتی و کارلێککردنی لەگەڵ سەرچاوەی توانا و لێهاتوویی مرۆیی لە کوردستاندا؟ ئەگەر وەڵامێکی واقیعییانەی ئەم پرسیارە بدەینەوە، ئەوا راشکاوانە دەتوانین بڵێین: نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی هەرێم، لە سەرەتاوە بە هاوشێوەی حکومەتی بۆتسوانا هەوڵیدا لەسەر ئاستی بچووك دەست بە وەبەرهێنان لە کەرتی پترۆڵ بکات، دیارە ئەو یەك دوو ساڵەی سەرەتاش داهاتەکەی زۆر کەم بوو، بەڵام دوای نووسینەوەی دەستووری عێراق و لە کابینەی پێنجەمدا هەوڵیدا کوردستان زۆر زیرەکانە سوود لە بەندەکانی دەستووری عێراق وەربگرێت و چەندین کۆنتراکتی سەرکەوتووی لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوتی جیهان کرد و، بەمەش داهاتی نەوتی سەدان بەرامبەری داهاتی سەرەتا دەرهێنانی نەوت زیاد کرد، ئەوجا ئامانجی حکومەتی کوردستان لە هەنگاو هەڵگرتنی بۆ وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گاز، تەنیا بریتی نەبوو لە خێراترکردنی پرۆسەی پەرەپێدان لە کوردستان، بەڵکو ئامانجی دروستکردنی سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بوو بۆ بودجەی عێراق، بۆ

**سەرچاوەی سرووشتی نیعمەتێکی باشە بۆ هەر نەتەوەیەک، ئەگەر بوونی هەبێت، بەڵام لە بەشی زۆری هەموو ئەو وڵاتانەی خوا نیعمەتی سەرچاوەی سرووشتی پێ بەخشیون، بە هۆکاری حوکمڕانیی خراپ، ئەم نیعمەتە خوایە بۆ گەلەکەی بۆتە نەفرەت**

**دەکرێت بەبێ سامانی سرووشتییش پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەگەر خوا ئەم سامانە بە نەتەوەیەک ببەخشێت و بە شێوەیەکی ئاقڵانە لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی باشدا مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەوا کارلێکی داهاتی سامانی سرووشتی لەگەڵ لێهاتوویی توانای سەرمایەی مرۆیی، دە هێندەی دیکە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە خێراتر و سەرکەوتووتر دەکات**

**کاتێک حکومەتی عێراق لە کابینەی دووەمی نوری مالکیدا بڕیاری دا، بە یاسای تیرۆر عەرەبی سوننە سەرکوت بکات و بە بڕینی بودجە هەرێمی کوردستان تەسلیم بکات، ئەگەر ئەو سیاسەتە دووربینانەیەی حکومەتی هەرێم نەبوایە، هەرێمی کوردستانیش وەک ناوچەکانی عەرەبی سوننەی بەسەر نەدەهات؟**



**لە ئێستادا کە جۆرێک لە لێکتێگەیشتن و دانوستاندن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەسەر تەواوی کێشەکانی نێوانیان هەیە، ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەیە کە کێشەی بودجە و مووچە و نەوت و گاز پێش هەموو کێشەکانی دیکە چارەسەر بکرێت و گەلی کوردستان و گەلی عێراقیش لەم گێژاوە بێنە دەرەوە**

ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان لە تەواوی عێراقدا خێراتر بچێتە پێشەوە. بەڵام ئەم هەنگاوە لەسەر چەند ئاستی ناوخۆی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراقیش ئاستەنگی هێندە گەورەی بۆ دروستکرا کە نەتوانرا لەگەڵ سەرچاوەی توانا و لێهاتوویی سەرمایەی مرۆیی کوردستان و عێراق کارلێك بکات، لەسەرووی هەموو ئەم ئاستەنگانەشەوە جیا لەوەی نرخی پترۆڵ دابەزینی گەورەی بە خۆیەوە بینی، لە هەمانکاتدا عێراق و کوردستان کەوتنە ناو شەڕێکی گەورە لەگەڵ ریکخراوی تیرۆریستانی داعش.

لێرەوە ئەگەر پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین، ئایا ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرهێنانی نەوت و گاز لە کوردستان گرتیەبەر هەنگاوێکی راست بوو؟ بێگومان رەوت و ئاراستەی دژایەتی حکومەتی ناوەندی عێراق و ئەو بارودۆخە ناهەموار و سەختەی لەماوەی سالانی ٢٠١٤- تا ئێستا بەسەر کوردستاندا هاتووە، راشکاوانە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە ئەم هەنگاوەی حکومەت چەند لۆژیك و دووربینانە بووە، بۆیە دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکە بورووژێنین، کاتێك حکومەتی عێراق لە کابینەی دووەمی نوری مالکیدا بڕیاری دا، بە یاسای تیرۆر عەرەبی سوننە سەرکوت بکات و بە بڕینی بودجە هەرێمی کوردستان تەسلیم بکات، ئەگەر ئەو سیاسەتە دووربینانەیەی حکومەتی هەرێم نەبوایە، هەرێمی کوردستانیش وەك ناوچەکانی عەرەبی سوننەی بەسەر نەدەهات؟ هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئەگەر پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەیەکە لە دەرەوەی دەستووری عێراق، بۆچی حکومەتی عێراق ئامادەیە لەگەڵ هەرێم دانوستاندن بکات و لەمەش زیاتر ناچار بێت، بەشێك لە نەوتی عێراقیش بە بۆڕییەکانی هەرێمی کوردستان هەناردە بکات؟

کەواتە فاکتەری سەرەکی کە هۆکار بووە و نەیهێشتووە، نەوت و گازی عێراق و کوردستان ببێتە نیعمەت بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان، ئەو ئەقڵییەتە تەسکە حزبییانەی کوردستان بووە کە هەموو کات رێگەیان نەداوە تۆرێکی هاوپەیمانی سیاسیی کوردستانی لە هەرێمدا دروست بێت، هەروەها ئەو ئەقڵیەتە شۆڤینیەی دەسەڵاتدارانی عێراق بوو کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە رێگایان نەداوە ئەم سامانە سرووشتیە بۆ گەلی عێراق و کوردستان ببێتە نیعمەت و وایانکرد ببێتە نەفرەت و تەواوی عێراق و کوردستانیان پێ وێران کردووە.



بۆ راستکردنەوەی ئەم ئاراستە هەڵەیە، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بەتایبەتی، لە ساڵی ٢٠١٧ پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیان لە تەواوی کوردستان لە عێراقدا ئەنجامدا، ئەم پرۆسەیە بانگەشەیەك بوو ئەوەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت کارلێکێك لەنێوان داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان و توانا و لێهاتوویی سەرچاوەی مرۆیی لە کوردستان دروست بکات و، وەرچەرخانێکی گەورە لە پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی سەرجەم ژێرخانەکانی کوردستان دروست بکات، بەڵام رق و کینەی دەسەڵاتدارانی عێراق و ئەو وڵاتانەشی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، کۆسپ و رێگری گەورە بوون، چونکە دەیانزانی سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم دەبێتە سەرەتای بونیادنانەوەی نەتەوەیی تەواوی گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، بۆیە دژایەتیی ئەم پرۆسە پیرۆزەیان کرد و نەیانهێشت ئامانجەکەی خۆی بە تەواوەتی بپێکێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆچوونیان وا بووایە کە حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی نییە خۆشگوزەرانی بۆ هاوولاتیانی دابین بکات، (بە هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە)، ئەوا پێیان دەگوتین با دەوڵەتی خۆیان رابگەیەنن و لە برسا بمرن، هەروەك چۆن سەدام حوسێن دوای راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ بەو ئامانجە لە کوردستان کشایەوە، بەڵام لەسەر زەمینی ئەنفال و کیمیابارانەوە ئیرادەی گەلی کوردستان ئەزموونێکی حوکمڕانی دروستکرد کە سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا.

بەهەر حاڵ لە ئێستادا کە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و دانوستاندن لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەسەر تەواوی کێشەکانی نێوانیان هەیە، ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو جۆرەیە کە کێشەی بودجە و مووچە و نەوت و گاز پێش هەموو کێشەکانی دیکە چارەسەر بکرێت و گەلی کوردستان و گەلی عێراقیش لەم گێژاوە بێنە دەرەوە و خەریکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە بن، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق هێشتا هەندێك لایەنی سیاسی وێڕای ئەوەی چاویان بە پەرەپێدان و بونیادنانەوەی کوردستاندا هەڵنایەت، لە هەمانکاتدا دەشزانن ئەگەر پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە لە عێراقیشدا دەست پێ بکات، ئەوان لەناو گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دەپووکێنەوە، بۆیە کەوتوونەتە دروستکردنی گوشار و ئاژاوە بۆ ئەوەی کەشی ئارامی نێوان هەولێر و بەغدا تێکبدەن.

**هێشتا هەندێک لایەنی سیاسی وێڕای ئەوەی چاویان بە پەرەپێدان و بونیادنانەوەی کوردستاندا هەڵنایەت، لە هەمانکاتدا دەشزانن ئەگەر پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە لە عێراقیشدا دەست پێ بکات، ئەوان لەناو گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دەپووکێنەوە، بۆیە کەوتوونەتە دروستکردنی گوشار و ئاژاوە بۆ ئەوەی کەشی ئارامی نێوان هەولێر و بەغدا تێکبدەن**



بژار کۆچەر

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ١٤ پرۆژە یاسامان ناردووە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی لەسەر بدات

**سەرۆک بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئێمە تەمسیلی خەڵک بکەین نەک حزب**

**وەرزی دووەمی یاسادانانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان جیاواز دەبێت و چاوەڕوانی پەسەندکردن و هەموارکردن و دەرکردنی ژمارەیەك یاسای لێ دەکرێت، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە خاوەنی کۆمەڵێك پێشنیاری یاساییین، بەڵام وادیارە ئەولەویەت زیاتر بەو پرۆژە یاساییانە دەدرێت، کە حکومەت رەوانەی پەرلەمانی دەکات، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی کارنامەی حکومەت، بەتایبەتی کارنامەی چاکسازی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندار، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بژار کۆچەر سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کرد، لێرەدا دەقی قسەکانی بۆ گوڵان بڵاودەکەینەوە.**

*** لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە یەکێك لە گرنگترین لیژنەکانی پەرلەمان دادەنرێت، ئایا بەڕێوەچوونی کارەکان و ئامادەکردنی پرۆژە یاساکان چۆن بەڕێوە دەچن؟**

- لیژنەی یاسایی پەرلەمان یەکێکە لەو لیژنانەی کە پەیڕەوی ناوخۆی بۆ پەرلەمان دیاری کردووە، بە یەکێك لە سەرەکیترین و گرنگترین لیژنەکان دادەنرێت، بە جۆرێك بە بڕبڕەی پشتی پەرلەمان دەناسرێت، ئەرکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاسان نییە، چونکە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و بەپێی ئەو رێکار و ئیجرائاتانەی پرۆژە یاسا و پێشنیارەکانی یاسا و بڕیار و پرۆژەکان، هەمووی لەئەستۆی لیژنەی یاساییدایە، لیژنەی یاسایی وەکو فلتەرێك وایە و بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لیژنەکانی دیکە کار دەکات، هەربۆیە هەماهەنگی و پەیوەندیی باشمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە، چونکە هەر پێشنیارێکی پرۆژەیاسا کە دێتە پەرلەمان راستەوخۆ دەنێردرێتە لیژنەی یاسایی پەرلەمان و، دوای خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی، خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان بۆ دەکرێت، دواتر بۆ جارێکی دیکە لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەکانی دیکەی هاوبەش، یان تایبەتمەند بەو پێشنیار و پرۆژە یاسایە کاری لەسەر دەکەن و دەگەڕێتەوە بۆ لیژنەی یاسایی و راپۆرتێکی لەسەر ئامادە دەکات و دەیداتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، تاوەکو بخرێتە دانیشتنی سێیەم و دەنگدانی لەسەر بدرێت.

*** لەم خولەی پەرلەماندا لیژنەکەتان ژمارەیەك پرۆژە یاسای تێپەڕاندووە، گرنگترینی ئەو پرۆژە یاسایانە چین کە دەرکراون؟**

- هەر لەدوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دوو پێشنیاری یاسایی پەسەند کران و بوونەتە یاسا لەگەڵ پێشنیاری بڕیارێك کە دیاریکردنی رۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو، وەکو رۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان، واتا ئەم سێ پرۆژە پێشنیارە یاساییە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراون.

*** ئێستاکەش باس لە زیاتر لە ٢٧-٢٨ پرۆژە یاسای دیکە دەکرێت کە پێشنیار کراوە لە وەرزی نوێی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بکرێنە یاسا، ئایا لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر چ بنەمایەك ریزبەندی بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکان دەکات؟**

- بەڵێ، نزیکەی ٢٧ بۆ ٢٨ پێشنیاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام لیژنەی یاسایی کە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، ئێمە داوامان کردووە تەنیا ١٤ لەو پێشنیارە یاساییانە بچێتە حکومەت و حکومەتیش بۆچوون و بڕیاری خۆی لەسەریان بدات، چونکە ئەو ١٤ پێشنیارە یاسایە بارگرانیی دارایی لەسەر حکومەت هەیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش هەر پێشنیار یاسایەك بارگرانیی دارایی بۆ حکومەت دروست بکات، پێش ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت، دەبێت پێشەکی راوبۆچوونی حکومەتی لەسەر وەربگیرێت، ئێستا چاوەڕوانین حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵاممان بداتەوە، لەلایەکی دیکەوە داوای خوێندنەوەی یەکەممان بۆ شەش پێشنیاری

**بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش هەر پێشنیار یاسایەک بارگرانیی دارایی بۆ حکومەت دروست بکات، پێش ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت، دەبێت پێشەکی راوبۆچوونی حکومەتی لەسەر وەربگیرێت**

**ئێستا حکومەت سەرقاڵی نووسینەوە و ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازییە، لە پەرلەمانی کوردستانیش چاوەڕوانی تەواوبوونی پرۆژە یاساکەین و رەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو بێت و رەوانەی پەرلەمان بکرێت**

یاسایی دیکە کردووە. لە ٢٠١٩/٩/١ وەرزی دووەمی تەشریعیی ساڵی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکردووە و لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو شەش پێشنیارە یاساییانە ئەنجام دەدرێت، هەروەها سێ پێشنیاری دیکە لە لیژنەی یاسایی ماون و لەژێر خوێندنەوە و کارکردندان، هاوکات پێشنیارێکی یاساییش لەو پێشنیارە یاساییانەی بۆمان هاتبوو، رەتمان کردۆتەوە .

*** ئەو پێشنیارە یاساییانەی داوای خوێندنەوەتان بۆ کردوون، چ رەهەند و بوارێك لەخۆ دەگرن؟**

- وەکو ئاشکرایە پێشنیازە یاساییەکان رەهەندی نیشتمانی و ئابووری و دارایی و کارگێڕی و تەنانەت کشتوکاڵی و پاراستنی ئاو و چەندین کەرتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە: پێشنیازی یاساییمان هەیە کە پەیوەندی بە فەرمانبەران و مووچە و چاکسازییەوە هەیە و هەشمانە پەیوەندیی بە پاشکەوتی مووچە و خانەنشینانەوە هەیە، کە گرنگترینیان پرۆژە یاسای چاکسازییە .

*** ئەگەر کەمێك لەسەر ئەم خاڵە راوەستین، ئاشکرایە لەم وەرزەی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی پێنچەمی پەرلەمانی کوردستاندا، گرنگترین پرۆژە یاسا کە لەبەردەستدایە، پرۆژە یاسای چاکسازییە، لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا ئەم یاسایە تێنەپەڕی، پێت وانییە تێپەڕاندنی یاساکە پێویستی بە گفتوگۆ و دووبارە چاوخشاندنەوە بە هەندێك مادده و بڕگەیدا هەیە؟**

- پرۆژە یاسای چاکسازی جگە لەوەی پرۆژەیەکی فراوان و گشتگیرە و پەیوەندی بە گوزەرانی خەڵکی کوردستان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هاوکات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی زۆری هەیە، ئێستا حکومەت سەرقاڵی نووسینەوە و ئامادەکردنی پرۆژە یاسای چاکسازییە، لە پەرلەمانی کوردستانیش چاوەڕوانی تەواوبوونی پرۆژە یاساکەین و رەنگە لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو بێت و رەوانەی پەرلەمان بکرێت، ئەو کات لەپەرلەماندا کار لەسەر پرۆژە یاساکە دەکەین، تا ئێستا هەموو وردەکارییەکانی پرۆژەکە نازانین، بەڵام پرۆژەی چاکسازی هەندێك خاڵ و بڕگەی تایبەت بە نەهێشتنی دوو مووچەو فەرمانبەرانی بندیوار و رێکخستنەوەی خانەنشینی و نەهێشتنی خانەنشینی ناهەقی تێدایە کە تایبەتمەندێتی گەورە بە پرۆژە یاساکە دەبەخشێت، چارەسەرکردنی مووچەی خانەنشینی گرنگترین بڕگەی پرۆژە یاسای چاکسازییە کە باس لەوە دەکات مووچەی خانەنشینی زۆر کەمەو پێویستە هەندێك زیاد بکرێت، بۆ نموونە: مووچەی خانەنشینی مەدەنی کە ٢٢٠ بۆ ٢٤٠ هەزار دینارە پێویستە بکرێتە ٤٠٠ هەزار دینار، دوا بڕیاریش لای حکومەتە کە ئەو مووچەیە چەند زیاد بکرێت، چونکە پەیوەندی بەتوانای دارایی حکومەت و توانای جێبەجێکردنییەوە هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی خاوەندارێتی پرۆژەی چاکسازی دەکات و ئامادەی دەکات، ئێمە تەنیا گفتوگۆ و قسەی خۆمان لەسەری دەبێت و دانوستاندنی لەسەر دەکەین و بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆمانی لەسەر دەدەین .

*** یەکێك لەکارە گرنگییەکانی دیکەی ئەم خولەی پەرلەمان نووسینەوەی دەستوورە، ئایا لەمبارەیەوە چی کراوە؟**

- تا ئێستا هیچ پرۆژەیەك لەسەر دەستووری کوردستان بۆ پەرلەمان نەهاتووە، بەڵام لەبەر گرنگیی دەستوور وابزانم ئەولەویەتێکی باش و جدیی بە نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ و مۆدێرن دەدرێت، چاوەڕوان دەکرێت لەم خولەی پەرلەماندا کوردستان ببێتە خاوەن دەستوورێکی هەمیشەیی، گەرچی تائێستا لەرووی پراکتیکییەوە هیچ پرۆژەیەك بۆ دەستووری کوردستان نییە، بەڵام ئیرادەیەکی باش و جدیی لەلایەن هەموو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان هەیە کە بەتەئکید ئەو کات رێکەوتنی سیاسیشی لەسەر پێویستە، چونکە دەستوور یاسای بڵند و باڵای هەرێمی کوردستانە، هاوکات ماددەی ١٢٠ لە دەستووری عێراق ئەو مافە دەداتە هەرێم کە ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی و ئومێد دەکەم سەرجەم فراکسیۆنەکان و هەموو حزبەکانی کوردستان دەستوور بە پیرۆزییەکی نیشتمانی گەورە سەیر بکرێت و دووربخرێتەوە لە ململانێی سیاسی، چونکە دەستوور بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر گرنگە و زامنی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و رۆشنبیری و ماف و ئازادییەکانی

**پرۆژەی چاکسازی هەندێک خاڵ و بڕگەی تایبەت بە نەهێشتنی دوو مووچەو فەرمانبەرانی بندیوار و رێکخستنەوەی خانەنشینی و نەهێشتنی خانەنشینی ناهەقی تێدایە کە تایبەتمەندێتی گەورە بە پرۆژە یاساکە دەبەخشێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی خاوەندارێتی پرۆژەی چاکسازی دەکات و ئامادەی دەکات، ئێمە تەنیا گفتوگۆ و قسەی خۆمان لەسەری دەبێت و دانوستاندنی لەسەر دەکەین و بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆمانی لەسەر دەدەین**

**چاوەڕوان دەکرێت لەم خولەی پەرلەماندا کوردستان ببێتە خاوەن دەستوورێکی هەمیشەیی، گەرچی تائێستا لەرووی پراکتیکییەوە هیچ پرۆژەیەک بۆ دەستووری کوردستان نییە، بەڵام ئیرادەیەکی باش و جدیی لەلایەن هەموو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان هەیە**

**دەستوور بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر گرنگە و زامنی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و دارایی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و رۆشنبیری و ماف و ئازادییەکانی خەڵک دەکات**

خەڵك دەكات، من وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان بوونی دەستوور زۆر بە گرنگ دەزانم و پێویستە لەم خولەی پەرلەماندا چیتر ئەو بابەتە دوانەخرێت و كاری جددیی لەسەر بكرێت، تا كوردستان ببێتە خاوەنی دەستوورێكی تایبەت بەخۆی.

*** سەبارەت بە پرۆژە چاكسازیی تەندروستی، كە بوونی پرۆژە یاسای دڵنیایی تەندروستی بۆ سەركەوتنی ئەو چاكسازییە گرنگە، ئایا لەكارنامەی لیژنەكەتاندا باسی ئەم بابەتە كراوە؟**

- ئەم پرۆژە یاسایە لە پەرلەمان نییە، بەڵكو لەكارنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندایە، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەبەردەم پەرلەمانتاران لە راگەیاندنی حكومەتەكەیدا بەگرنگی و جددی باسی ئەم لایەنەی كرد، كە گرنگی بەكەرتی تەندروستی دەدرێت، وابزانم یەكێك لەو خاڵانەی، یان لەو پرۆژە یاساییانەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش پێویستی پێی هەیە، چاكسازییە لەكەرتی تەندروستیدا، وا چاوەڕوان دەكرێت بەم نزیكانە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ رێكخستنەوەی كەرتی تەندروستی دامەزراوەیەكی تایبەت بەدەرمان و پرۆژە یاسایەك بەناوی مافی نەخۆش ئامادە بكات. حكومەت پێویستی بە ١٦ بۆ ١٨ پرۆژە یاسا و رێنمایی هەیە، بۆیە گرنگی بەم لایەنەدەدات و ئەو پرۆژە یاساییانە ئامادە دەكرێن تاوەكو لەم وەرزەی یاسادانانەدا لەبەردەم پەرلەمانتاران خوێندنەوەیان بۆ بكرێت، هەربۆیە ئەولەوییەت بە پرۆژەكانی حكومەت دەدرێت و زاڵتر دەكرێن بەسەر پرۆژەكانی دیكەی فراكسیۆن و ئەندام پەرلەمانەكاندا، چونكە حكومەت ئەو كارنامەیەی لەبەردەم پەرلەمانی كوردستان راگەیاندووە، تاوەكو پەرلەمان متمانەی پێبدات بۆ حكومەت زۆر گرنگن، بە پێچەوانەوە ئەگەر پرۆژەكانی حكومەت نەبنە یاسا و لە پەرلەمان پەسەند نەكرێن، ئیتر چۆن پەرلەمان و پەرلەمانتار دەتوانن بەدواداچوون بكەن و چاودێریی ئەرك و كارەكانی حكومەت بكەن، هەربۆیە دەبێت سەرەتا ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشنیاری حكومەتن پەسەند بكرێن، ئەو كات پەرلەمان دەتوانێت رۆڵی چاودێری و بەدواداچوون بۆ كار و ئەدای حكومەت بكات.

*** زۆر جەختت لەسەر ئەو پرۆژە یاسا پێشنیارانە دەكەنەوە كە رەهەندی ئابووری و داراییان هەیە، چۆن بزانین گرنگترین ئەو پێشنیار و پرۆژە یاساییانە چین؟**

- سەرەتا دەستوور گرنگترین بابەتە كە دەبێت لەم خولەی پەرلەماندا مشورێكی بخورێت، چونكە دەستوور یاسای باڵای وڵاتە و بەبوونی دەستوور سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی دابین دەكرێت، دەستوور ئازادییەكان و مافی مرۆڤ و ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی زامن دەكات، دواتر بوارەكانی چاكسازیی و رێكخستنەوەی خانەنشینی و یاسای كار و هەموو ئەو پێشنیارە یاسایانەی كە دێن و بەستراونەتەوە بە فەرمانبەران و سندوقی خانەنشینی و پاشەكەوتی مووچە و پرۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵاو كەرتەكانی كشتوكاڵ و پاراستنی ئاو و چەندین بواری دیكە، هەر هەموویان بەدەستور زامن دەكرێن.

*** كەواتە پێشنیاری پرۆژە یاساش بۆ مەسەلەی پاشەكەوتی فەرمانبەران لەم خولەی پەرلەماندا هەیە؟**

- دروستكردنی حیسابی بانكی بۆ فەرمانبەران كە پاشەكەوتی فەرمانبەرەكە لەو حیسابە بانكییە زیاد بكرێت، بەشێكە لەو ١٤ پرۆژە یاسایە.

*** دواپرسیارمان لەسەر یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانە، كە چەند ساڵێكە بەهۆی بڕینی بودجە و قەیرانی داراییەوە نەتوانراوە ئەم پرۆژە یاسا گرنگە ئامادە كرێت، ئایا لەم خولەی پەرلەماندا ئەم پرۆژە یاسایە ئامادە دەكرێت؟**

- پرۆژە یاسای بودجە هەروەكو چۆن بۆ هەموو وڵات و میللەتێك گرنگە، هەرواش بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان گرنگیی تایبەتی هەیە، لەساڵی ٢٠١٣ ـەوە پرۆژە یاسای بودجە نەهاتۆتە پەرلەمانی كوردستان، ئەمەش هۆكاری خۆی هەبووە و پێشتر قسەی زۆری لەسەر كراوە، هەرچەندە ئەم كارە پەیوەندی بە حكومەتەوە هەیە، بەڵام من وای بۆ دەچم، لەم خولەدا پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان بهێندرێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بكرێت و بودجەیەكی رێكوپێك و كارا دابنرێت، بۆ ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان شەفافتر و باشتر كاروبارەكانی خۆی بەڕێوەببات و بۆ حكومەتیش هەر وا باشترە.

**وا چاوەڕوان دەكرێت بەم نزیكانە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ رێكخستنەوەی كەرتی تەندروستی دامەزراوەیەكی تایبەت بەدەرمان و پرۆژە یاسایەك بەناوی مافی نەخۆش ئامادە بكات**

**ئەولەوییەت بە پرۆژەكانی حكومەت دەدرێت و زاڵتر دەكرێن بەسەر پرۆژەكانی دیكەی فراكسیۆن و ئەندام پەرلەمانەكاندا، چونكە حكومەت ئەو كارنامەیەی لەبەردەم پەرلەمانی كوردستان راگەیاندووە، تاوەكو پەرلەمان متمانەی پێبدات بۆ حكومەت زۆر گرنگن**

**ئەگەر پرۆژەكانی حكومەت نەبنە یاسا و لە پەرلەمان پەسەند نەكرێن، ئیتر چۆن پەرلەمان و پەرلەمانتار دەتوانن بەدواداچوون بكەن و چاودێریی ئەرك و كارەكانی حكومەت بكەن**

**دەستوور گرنگترین بابەتە كە دەبێت لەم خولەی پەرلەماندا مشورێكی بخورێت، چونكە دەستوور یاسای باڵای وڵاتە و بەبوونی دەستوور سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی دابین دەكرێت**

# سەرژمێریی عێراق و ئایندەی کورد لەدوای ئەم پرۆسەیە؟

بەپێی راسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر دە ساڵ جارێک پێویستە سەرژمێری لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا ئەنجام بدرێت، بەڵام عێراق بە هۆی نالەباریی دۆخی سیاسی و ناسەقامگیری رەوشی ئەمنی و پشتگوێخستنی، ٢٥ ساڵە سەرژمێریی گشتی نەکردووە

ئەگەر بە شێوە زانستییەکەی لە رووی لۆژیکییەوە تەماشای سەرژمێریی دانیشتووان بکەین، ئەوا پرۆسەیەکی پراکتیکییە لە رووپێوێکی گشتی و زانیاریی پێویستە لەسەر کۆی دانیشتووان بە رەگەز و تەمەن و ئایین و باری خێزانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و لایەنی ئابووریی سەرجەم هاووڵاتیان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات کە پێویستە رووپێو بکرێن و داتاکانیان تۆمار بکرێت، بۆ دانانی پلان و بەرنامەی گەشەکردنی ئابووری و مرۆیی لە سەرئاستی وڵات و بەرکەوتەی هەر تاکێك لە بودجەی گشتی، چونکە نەخشەرێگا و پلانی کاری دەوڵەتی لەسەر داتاکانی سەرژمێریی گشتی بنیات دەنرێت، لەلایەکی دیکەوە بنەمایەکی سەرەکییشە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە کۆی ژمارەی دانیشتووان دەردەکەوێت. بەپێی راسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر دە ساڵ جارێك پێویستە سەرژمێری لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا ئەنجام بدرێت، بەڵام عێراق بە هۆی نالەباریی دۆخی سیاسی و ناسەقامگیریی رەوشی ئەمنی و پشتگوێخستنی، ٢٥ ساڵە سەرژمێریی گشتی نەکردووە، هەروەها بەپێی فەسڵی ٤ لە مادەی ٩ی یاسای سەرژمێریی عێراق، دەبێت هەر دە ساڵ جارێك سەرژمێریی گشتی بکرێت، لە ئێستادا وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بڕیاری داوە لە ساڵی ٢٠٢٠ سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئەنجام بدات.

**● سەرژمێرییەکانی رابردوو**

یەکەم سەرژمێریی عێراق لە ساڵی ١٩٢٧ ئەنجام دراوە، هەرچەندە شێوازەکەی زۆر سەرەتایی بووە، بەڵام تا رادەیەك هەنگاوێکی گرنگ بووە، لە دوای ئەویش لە ساڵانی ١٩٣٤، ١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧، ١٩٩٧ ئەنجام دراون، ئەوەی شایەنی تێبینییە، ئەوەیە کە تەنیا سەرژمێریی



**مەیادە محەمەد نەجار**
**ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساڵی ١٩٥٧ لە رووی داتاوە زۆر سەرکەوتووە و بە پاك و خاوێنترین سەرژمێری لە عێراقدا هەژمار دەکرێت، چونکە سەرژمێرییەکانی دیکە بەتایبەتی لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٧٧ هەزاران خێزانی کوردستان بە هۆی رەوشی سیاسییەوە هەڵهاتبوون و لە سەرژمێری بێبەش بوون، هەروەها سەرژمێریی ساڵی ١٩٨٧یش زۆر بە شێوەیەکی نادروست ئەنجام درا، چونکە سەدان هەزار کەسی کورد لەم سەرژمێرییە بێبەش کران و بەشێکی زۆری گەلی کورد ئاوارەی ئێران بوون، بەشیکی زۆری ناوچەکانی کوردستانیش کە ئازادکراو بوون، سەرژمێری تێدا نەکرا و رێژەی کورد زۆر بە کەمی تۆمار دەکرا، رەنگە نامۆترین سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا کۆتا سەرژمێری بێت کە لە ساڵی ١٩٩٧دا ئەنجام درا، کە حکومەتی عێراق گەلی کوردی لەو سەرژمێرییەش بێبەش کرد.

### ● پشتبەستن بە داتاکانی ١٩٥٧

خوێنەری ئازیز ئەوەی لەپێشەوە لێی دواین، تەنیا بە کورتی ئاماژەمان بە سەرژمێرییەکانی عێراق دا، بەلام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ئایا کورد لەم سەرژمێرییەدا چی دەکات؟ ئایا ئایندەی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت و پێگەی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان چۆن دەبێت؟ ئەوە زۆر گرنگە و دەبێت کوردستان لەم قۆناغەدا لە هەموو کات زیاتر بە وردی مامەڵە بکات.

ئەگەر تێڕامانێك بۆ داتا و ئامارەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بکەین، دەبینین لە سەرژمێرییەکانی پێش و دواتری دروستترە و تا ئاستێك متمانەپێکراوترە، کوردیش وەك بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ رەوایی داخوازییەکانی خۆی لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم پشتیان پێ دەبەستێت.

**وەزارەتی پلاندانانی عێراقی بڕیاری داوە لە ساڵی ٢٠٢٠ سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان ئەنجام بدات**

لێرەدا پێویستە کاربەدەستانی کورد لەناو حکومەتی عێراق چەند هەنگاوێك لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی سەرژمێرییەکەدا هەڵبگرن. هەروەها چەند خاڵێك هەیە، دەبێت جێبەجێ بکرێن. لەوانە: بڕیاردان لە سەر دواشێوەی ئەو فۆڕمەی کە سەرژمێرییەکەی لە سەر دەکرێت، لە چۆنیەتی سەرژمێریکردن و هەر بابەت و پرسیارێکی دیکە کە دەستەکە بە پێویست و گرنگی بزانێت و لەو فۆڕمەدا جێگیری بکات. پێویستە چەمکی نەتەوە لە نیو فۆڕمەکەدا جێگیر بکرێت، واتا مەرجە خاڵەکانی بە شێوەیەکی زۆر ورد داڕێژدرابێت و هەژمار کرابێت، لەلایەکی دیکەوە مەرجە هەوڵبدرێت بۆ دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێرییەکە و هەموو کۆمیتەکان و لقەکانی لە سەر تا خواری وڵات و لە هەموو قۆناغەکانی لە کاتە جیاوازەکاندا، هەروەها مەرجە پێش ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری لێژنەیەکی هەماهەنگی لە نێوان هەرێم و بەغدا هەڵمەتیکی پاکسازی لە ناونووسین لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بکات، بەتایبەتی لە شاری کەرکووك و لەو لێژنەیەدا تەنیا پشت بە داتاکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ ببەسترێت، چونکە تەنیا سەرژمێرییە کە بە پاك و خاوێنی داتاکانی تۆمارکراوە.

## ● گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان

خاڵێکی دیکەی زۆر هەستیار کە مەرجە بەر لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەکەی ساڵی (٢٠٢٠) جێبەجێ بکرێت، ئەنجامدانی چەند پلانێکی دیاریکراوە. یەکەمیان: پلانی (A) گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایشە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، چونکە ئەگەر بەم رەوشەی ئێستا سەرژمێری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجام بدرێت، ئەوا کورد زۆربەی ئەو ناوچانە لەدەست دەدات، لەبەر ئەوە پێویستە تەواوی رەوشی ئەو ناوچانە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئارام و ئاسایی بکرێتەوە و هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی تەواوی خێزانە کوردەکان بتوانن لە ناوچەکانی خویاندا ناونووس بکرێن، چونکە لە دوای رووداوە نەخوازراوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە سوودوەرگرتن لەوەی کورد لەو ناوچانە پێگەی لاواز بووە و خەڵکێکی زۆر لە خورماتوو و لە ناوچە کوردییەکانی دیالە، لە کەرکووك و دەشتی نەینەوا ئاوارە و سەرگەردان بوون و عەرەب شوێنی گرتوونەتەوە، بۆیە مەرجە بەر لە هەموو شتێك رەوشی ئەو ناوچانە ئارام بکرێتەوە، لە رێگەی تیمێکی ئەکادیمی کە هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و هەرێم تێیدا بەشدار بن و داتاکانی



سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بخرێتە بواری جێبەجێکردن. هەروەها پلانی (B) دەبێت ئامادە بکرێت بۆ ناونووسکردنی کوردەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی کوردە رەسەنەکانی شاری بەغدا و پاریزگاکانی دیکە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێن، مەرجە ئەم هەنگاوەش جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی رێژەی کورد بە شیوەیەکی دیاریکراو جێگیر بکرێت. لەم حاڵەتەدا پێویستە وەزارەتی پلاندانانی عێراق و وەزارەتی پلاندانانی هەرێم لێژنەیەکی هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە دروست بکەن، بەتایبەتی بە زیادکردنی بڕگەی نەتەوە بۆ فۆڕمی تایبەت بە سەرژمێری، پێشتریش حکومەتی هەرێم جەختی لەوە

**تەنیا سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ لە رووی داتاوە زۆر سەرکەوتووە و بە پاك و خاوێنترین سەرژمێری لە عێراقدا هەژمار دەکرێت**

**رەنگە نامۆترین سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا کۆتا سەرژمێری بێت کە لە ساڵی ١٩٩٧دا ئەنجام درا، کە حکومەتی عێراق گەلی کوردی لەو سەرژمێرییەش بێبەش کرد**

**ئەگەر بەم رەوشەی ئێستا سەرژمێری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجام بدرێت، ئەوا کورد زۆربەی ئەو ناوچانە لەدەست دەدات**

**دوای رووداوە نەخوازراوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە سوودوەرگرتن لەوەی کورد لەو ناوچانە پێگەی لاواز بووە و خەڵکێکی زۆر لە خورماتوو و لە ناوچە کوردییەکانی دیالە، لە کەرکوک و دەشتی نەینەوا ئاوارە و سەرگەردان بوون و عەرەب شوێنی گرتوونەتەوە**

دەکردەوە کە دەبێت ئەو بڕگەیە بۆ فۆڕمەکە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەی سەرژمێرییەوە ژمارەی کوردستانیانی دەرەوەی هەرێم بە باشی رووپێو بکرێت، تەنانەت ئەوکات دەتوانرێت ژمارەی کوردەکانی بەغدا و شارەکانی باشووری عێراقیش دیاری بکرێت.

**● سوودەکانی سەرژمێری بۆ کورد**

لە کۆتاییدا ئەگەر ئەم پلان و هەنگاوانەی کە باسمان کرد، جێبەجێ بکرێن، ئەوا دەکرێت بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

● لەکاتی ئەنجامدانی سەرژمێریدا ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شاری هەولێر بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، دەکرێت لەو چوارچێوەیەدا بودجەی هەرێم زیاد بکرێت، چونکە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی شار و ناوچەکانی عێراق دانیشتووی هەرێمن، بەتایبەتی لە شاری هەولێر، ئەمەش وادەکات ڕێژەی دانیشتووانی



بڵێین سەرژمێریی گشتی سوودی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، بەتایبەتی لە چەند خاڵێکی گرنگدا کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی کورد لە ئایندەی عێراقدا، لەوانە:

ـ ئەگەر تەواوی ئەو خاڵانەی باسمان کرد، جێبەجێ بکرێن، ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتی ژمارەی راستەقینەی کورد لە عێراقدا دەردەخات و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە سەر ئاستی عێراق.

● بەهۆی بەکارهێنانی هەنگاوی جیاواز ژمارەی عەرەب بە شێوەیەکی سەیر زیاد کراوە، بەڵام ئەگەر سەرژمێرییەکی دروست ئەنجام بدرێت، ئەوا ڕێژەی دانیشتووانی راستەقینەی عێراق دەردەکەوێت و ژمارەی کورد شارەکانی هەرێم بە شێوەیەکی زۆر زیاد بێت و وەك کارتی گوشار لەکاتی وتووێژەکاندا بەکاربهێندرێت.

● دەکرێت سەرژمێریی گشتی بکرێتە کارتێکی فشار بۆ گەڕانەوەی شاری کەرکووك بۆ ناو باوەشی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەگەر تەواوی خێزانە کوردەکان بۆ شاری کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگەڕێنەوە و لە کاتی بەڕێوەچوونی سەرژمێریدا پشت بە داتاکانی ساڵی ١٩٥٧ ببەسترێت، لەم حاڵەتەدا عەرەبە هاوردەکان لەم ناوچانە ناتوانن خۆیان ناونووس بکەن و ڕێژەی کورد دەبێتە زۆرینە و ئەگەرێکی زۆریشی هەیە، سەرژمێری تەواوی کێشەکان چارەسەر بکات.

**ئەگەر سەرژمێرییەکی دروست ئەنجام بدرێت، ئەوا ڕێژەی دانیشتووانی راستەقینەی عێراق دەردەکەوێت و ژمارەی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات**

**دەکرێت سەرژمێریی گشتی بکرێتە کارتێکی فشار بۆ گەڕانەوەی شاری کەرکووک بۆ ناو باوەشی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەگەر تەواوی خێزانە کوردەکان بۆ شاری کەرکووک و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بگەڕێنەوە**




**ماهیر سوروچ**

**ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:**

# ئەو سیاسەتەی پەکەکە پیادەی دەکات، هەم خۆی لاواز دەکات، هەم زیان بە میللەتی کوردیش دەگەیەنێت

**سیاسەت و ستراتیژیەتی پەکەکە مایەی مشتومڕ و بگرە رەخنەیەکی زۆریشە کە تەنانەت ئەو کادیر و ئەندامانەی پێشتر لە نێو ریزەکانی ئەم حزبەدا بوون، ئاماژەی بۆ دەکەن و پێیان وایە ئەو رێچکە و رێڕەوەی گرتوویەتەبەر رەنگدانەوە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەی خراپی هەبووە لەسەر بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد بەتایبەتی لە باکووری کوردستان و لە ئەنجامدا خودی ئەم حزبە خۆیشی نەیتوانیوە بەهێز بێت و گەشە بکات. ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ ماهیر سوروچ ئەندامی پێشووی پەکەکە.**

*** کوردانی باکوور لە بارودۆخێکی باشدا نین، ئەوەی بارودۆخەکەی زیاتر دژوار کردووە، تەنیا کارو رەفتارەکانی حکومەتی تورکیا نییە، بەڵکو سیاسەتە چەوتەکانی پەکەکەشە، کە هەر لە سەرەتاوە شتێکی راستەقینە نەبووە لای پەکەکە بە ناوی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردستانەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا سیاسەت و رەفتارەکانی پەکەکە تاچەند زیانی بە رەوشی کوردانی باکوور و بیری نەتەوەیی گەیاندووە؟**

- پێم وایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە شیکردنەوە لەسەر تەواوی بارودۆخی کورد بکەین، ئەمەش بەرەچاوکردنی تایبەتمەندێتی هەر بەشێك و رەچاوکردنی ئەو رێگایەی بۆ خۆی دیاری کردووە، بەڵام پارچەی هەرە گەورەی کوردستان باکووری کوردستان و کوردانی باکوورە، کە بارودۆخ و رەوشی ئەم بەشە کاریگەری لەسەر سەرجەم بەشەکانی دیکەی کوردستان هەیە. دواتر ئێمە دەزانین کە پەکەکە حزبی هەرە باڵادەستە لە باکووری کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو شەڕ و بارودۆخەی لە ئارادایە، نەیتوانیوە بە گوێرەی داخوازیی و پێداویستییەکانی ئەم هەلومەرجەی ئێستا کاربکات و رێبەرایەتی میللەتی کورد لەو بەشە بکات. ئێمە دەزانین کە پێشەنگی و رێبەرایەتی، شوێن و پێگەیەکی گرنگی خۆیان هەیە لە مێژوودا، واتە تاوەکو پێشەنگ و رێبەرەکان یەکگرتوو و بەهێز بن، ئەوا میللەتیش لە دەوریان کۆدەبێتەوە و میللەتیش بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر لەم رووەوە کەموکووڕی و کێشە هەبێت، ئەوا ئەو کەموکووڕییانەش رەنگدانەوەیان لە نێو میللەتدا دەبێت. ئێستاش ئەوەی لە باکووری کوردستان بەدی دەکرێت، بریتییە لە کێشەی ئایدیۆلۆژی و ستراتیژی و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئێستاش کە باس لەوە دەکرێت کە هەدەپە بەهێزترین پارتی باکووری کوردستانە، ئەوا لە دەنگدانەکاندا رێژەی لە ٨٪ تێپەڕ ناکات، بەڵام ئەگەر تۆ میللەتێکی ٢٠ بۆ ٢٥ ملیۆن کەسیت لە پشت بێت، ئەوا دەتوانی بە ئاسانی رێژەی ١٥٪ بەدەست بهێنیت، ئەمەش ئاماژەیە بەو کێشە و بارگرانییەی کە رووبەرووی باکووری کوردستان بۆتەوە. مەبەستم ئەوەیە کاتێك لە رووی سیاسییەوە هەڵە و کەموکورتی دەبێت، ئەوا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر میللەتی باکوور جێدەهێڵێت، چونکە ئەگەر گرووپێك، یان لایەنێکی بچووکت هەبوو، ئەوا رەنگە

**سەرۆک بارزانی پێشتر و ئێستاش هەوڵی مەزنی هەبووە و هەیەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان تورکیا و پەکەکە و ئاشکراشە رەمزێکی گەورەی میللەتی کوردە و پێویستە قەدر و قیمەتی بزانین**

**پەکەکە حزبی هەرە باڵادەستە لە باکووری کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەو شەڕ و بارودۆخەی لە ئارادایە، نەیتوانیوە بە گوێرەی داخوازیی و پێداویستییەکانی ئەم هەلومەرجەی ئێستا کاربکات و رێبەرایەتی میللەتی کورد لەو بەشە بکات**

**تاوەکو پێشەنگ و ڕێبەرەکان یەکگرتوو و بەهێز بن، ئەوا میللەتیش لە دەوریان کۆدەبێتەوە و میللەتیش بەهێز دەبێت، بەڵام ئەگەر لەم ڕووەوە کەموکووڕی و کێشە هەبێت، ئەوا ئەو کەموکووڕییانەش ڕەنگدانەوەیان لە نێو میللەتدا دەبێت**

**دەبوایە هەدەپە هەوڵی بدایە میللەتی کورد بۆ خۆی رابکێشێت، بەڵام کە ئەمە نەکات، ئەوا هەندێ کەس نیگەران دەبن و هەندێ کەسی دیکە لێی دووردەکەنەوە**

**هەدەپە ناتوانێت بە سەربەخۆیی و دوور لە پەکەکە سیاسەت بکات و لەسەر پێیەکانی خۆی ڕابوەستێت، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە هەدەپە لە مەیدانی سیاسەتدا سەربەخۆیی خۆی هەبێت**

**پێشتر پەکەکە زۆر بەهێز بوو، بەڵام بەهۆی هەڵە سیاسیەکانییەوە میللەت لێی دوورکەوتۆتەوە، ئاشکراشە حزب بە هۆی بوونی جەماوەرەوە بەهێز دەبێت**

بتوانێت کاریگەرییەکی کەمی هەبێت، یان تەنیا کاریگەری لەسەر خۆی هەبێت، بەڵام کاتێك پارتێکی سیاسی هەبێت و ئامانجێکی گەورە و مەزن بۆ خۆی دەستنیشان بکات، ئەوا هەڵەکانی کاریگەرییان لەسەر تێکڕای میللەتەکە دەبێت. مەبەستم ئەوەیە دەبوایە هەدەپە هەوڵی بدایە میللەتی کورد بۆ خۆی رابکێشێت، بەڵام کە ئەمە نەکات، ئەوا هەندێ کەس نیگەران دەبن و هەندێ کەسی دیکە لێی دووردەکەنەوە و بەشێك لە خەڵکەکە دەبنە پشتیوانی پارتی داد و گەشەپێدان و بەشێکیش پەیوەندی بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە دەکەن. کەواتە پێویستە هەدەپە بتوانێت سەرجەم میللەتی کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بۆ دەردی ئەوان ببێتە دەرمان هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیشەوە، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکەین، ئەوەیە کە سەرۆکی هەدەپە ناتوانێت بە گوێرەی پێداویستیی رەوشەکە رێبەرایەتیی میللەتی کورد لە باکوور بکات. هۆکارەکەش ئەوەیە کە هەدەپە –ئەگەرچی بە شێوەیەکی فەرمیش نەبێت- سەر بە پەکەکەیە، واتە هەدەپە ناتوانێت بە سەربەخۆیی و دوور لە پەکەکە سیاسەت بکات و لەسەر پێیەکانی خۆی رابوەستێت، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە هەدەپە لە مەیدانی سیاسەتدا سەربەخۆیی خۆی هەبێت. هەروەها ئێمە دەزانین کە پێشتر پەکەکە زۆر بەهێز بوو، بەڵام بەهۆی هەڵە سیاسیەکانییەوە میللەت لێی دوورکەوتۆتەوە، ئاشکراشە حزب بە هۆی بوونی جەماوەرەوە بەهێز دەبێت.

*** پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکرد، بەڵام ئێستا خۆی دژایەتیی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات، ئایا دوورکەوتنەوەی خەڵکی لە پەکەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەکەکە لە بیری نەتەوەیی دوور کەوتۆتەوە؟**

- ئەو کاتەی پەکەکە لە باکووری کوردستان دروست بوو بە شێوەیەکی گشتی یەکێتیی سۆڤیەت و سۆشیالیزم کاریگەرییان هەبوو لەسەر تورکیا، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر لایەنی فیکری و ئایدیۆلۆژی و دامەزراندنی حزبەکە، لەو کاتەدا پەکەکە دروشمی کوردستانی سەربەخۆ و یەکگرتووی هەڵگرتبوو، بەڵام ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ سەرۆکی پەکەکە ئاگربەستی لەگەڵ تورکیا راگەیاند و بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەمانەوێت کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکەین. لە ساڵی ٢٠٠٠ و دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، پەکەکە نەرمیی زیاتری نواند و رایگەیاند لەگەڵ ئەوەن کۆمارێکی دیموکراتی لە تورکیا بێتەئاراوە، کەواتە پەکەکە دوورکەوتەوە لە دروشمی رزگارکردنی هەر چوار پارچەی کوردستان و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو. ئەمە لە کاتێکدا لە دڵی هەر کوردێکدا کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەیە، باوەڕ ناکەم هیچ کوردێك هەبێت بڵێت من دەوڵەتی کوردی ناخوازم، هەموو کوردێکی بەشەرەف و بەناموس و بەغیرەت دەخوازێت دەوڵەتێکی سەربەخۆمان هەبێت بە ناوی کوردستان، هەرکەسێکیش ئەمە نەخوازێت، ئەوە دەبێت لە کوردبوونی بەگومان بین.

*** ئایا هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە پەکەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا دژایەتیی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە دەکات کە رۆڵ و پێگەیان لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی هەبووە، وەك پارتی دیموکراتی کوردستان؟**

- ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئەوا ئاشکرایە پارتی لە رۆژی دامەزراندنیەوە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی کوردستانی بووە و تێکۆشان و قوربانییەکی زۆری بەخشیوەتە کوردستان. دواتر ئێمە دەزانین پارتی خوازیارە خزمەت بە سەرجەم کورد بکات لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و لە باشووری کوردستانش توانایەکی گەورەی ماددی و مەعنەوی هەیە و جەماوەرێکی بەهێزیشی لە پشتە. هەروەها لە نێو میللەتی کورددا بەگشتی وەك سەرۆك لە کاك مسعود بارزانی دەڕوانرێت. بەڵام پەکەکە ناکۆکییەکی گەورەی لەگەڵ پارتیدا هەیە و بە تێڕوانینی من بەردەوامیش دەبێت.

*** کەواتە پەکەکە دژی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانیشە، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان، هەربۆیە بەئاشکرا دژایەتیی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئایا راکێشانی سوپای تورك بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان هەر بۆ ئەم مەبەستەیە؟**

- ئێمە دەزانین هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێکی باش و تەواوی جیهان ئیعتیراف بە کورد و کوردستان دەکات و لە باشووری کوردستان سیستمێك هەیە و لە رووی کردارەوە دەوڵەتێکی کوردستان لە باشوور دروست بووە و وەکو دەوڵەتێك بەرێوەدەچێت، لەم روانگەیەوە دەبێت کێشە لە کوێ بێت، ئێمە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین، ئاگر لە کوێ بێت، پێویستە ئاوی بەسەردا بکەین و بیکوژێنینەوە، ئەگەر بێت و هەوڵی خۆشکردنی ئەم ئاگرە بدەین، ئەوا تەشەنە دەکات و شوێنی دیکەش دەگرێتەوە. بە تێڕوانینی من هەرچەندە پەکەکە دەڵێت من بزووتنەوەیەکی نەتەوەییم و دەمەوێت خزمەت بە هەر چوار پارچەی کوردستان بکەم، بەڵام دەبێت پەکەکە ئەو راستییە بزانێت کە ئێستا ئاگرەکە لە باکووری کوردستانە، نەك لە باشوور و دەبێت کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی باکوور بکاتەوە و گۆڕەپانی گەورە و بنەڕەتی کارکردنی پەکەکە لە باکووری کوردستانە و پێویست ناکات خۆی بە باشووری کوردستانەوە سەرقاڵ بکات. کێشەکە ئەوەیە پەکەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان حزبێکی دیکە لە خۆی بە مەزنتر نابینێت و پێی وایە ئەو براگەورە و حزبی گەورەیە و دەبێت هەر ئەو حوکمڕانی بکات. دواتر ئێمە دەزانین سیاسەتێك کە خزمەت بە خواست و بەرژەوەندییەکانی میللەت نەکات، ئەوا تەنیا زیانی لێدەکەوێتەوە. لە ئێستاشدا ئەو سیاسەتەی پەکەکە پیادەی دەکات، هەم خۆی لاواز دەکات و هەم زیان بە میللەتی کوردیش دەگەیەنێت.

*** سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵی دا لە ڕێگەی ئاشتی کوردانی باکوور بە مافەکانی خۆیان بکەن، بەڵام پەکەکە شەڕی بردە ناو تورکیا و لە دەوروبەری ئامەد و شەڕی خەندەقی دەست پێکرد، بەمەش گورزێکی کوشندەی لە مافەکانی کوردی تورکیا وەشاند، ئایا ئەگەر پەکەکە مەبەستی ئەوەیە مافی کوردی تورکیا بەدەست بهێنێت، بۆچی وڵاتەکە وێران دەکات؟**

- راستە ئەو ستراتیژیەتەی لە باکووری کوردستان پیادە کرا لە رووی مرۆیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە زیانێکی گەورەی لێکەوتۆتەوە لە نێو میللەتی کورددا، ژمارەیەکی زۆری گەنجی ئێمە تیاچوون و بوونە قوربانی، بە دەیان خێزان بێ ماڵ و حاڵ بوون و ژیانی ئابووری تێکچوو، کەواتە سەرلەبەری ئەم شەڕە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. دەبوو ئەو راستییەیان بزانیایە کە تۆ ناتوانیت بە کلاشینکۆف دەرئەنجامێکی ئەتۆ بەدەست بهێنیت لەبەرامبەر تەکنەلۆژیانی نوێ و دەوڵەتێکی ئاوا بەهێزدا. کەواتە ئەمە هەڵەیەکی سیاسی بوو و بە هیچ شێوەیەك خزمەتی بەرژەوەندیی میللەتی ئێمەی نەکرد لەو بەشەی کوردستان، ئێمەش دەزانین سەرۆك بارزانی پێشتر و ئێستاش هەوڵی مەزنی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان تورکیا و پەکەکە و ئاشکراشە کە سەرۆك بارزانی رەمزێکی گەورەی میللەتی کوردە و پێویستە قەدر و قیمەتی بزانین.

*** شێوازێکی دیکەی سیاسەتی پەکەکە رەچاونەکردنی دابونەریتی کوردانەیە، واتە هەندێك رەفتار دەکەن کە لەگەڵ دابونەریتی کوردان یەك ناگرێتەوە، بەتایبەتی چەکدارکردنی مێرمنداڵ و بەشداریکردنیان لەشەڕەکان، ئایا ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەوەیان دیاری کردووە مرۆڤ لە چ تەمەنێکدا دەتوانێت چەك هەڵبگرێت و بەشداری شەڕ بکات و ئەمەش بەسەر پەکەکەدا جێبەجێ دەبێت، بەڵام لە ناو پەکەکەدا گەنجی تەمەن ژێر ١٦ ساڵ هەبوون، هۆکارەکەش ئەوەیە ئەگەر فیکر و سیاسەتی حزبێك هەڵە بوو، ئەوا ئەم حاڵەتانەش روودەدات. چونکە منداڵی تەمەن ١٤ و ١٥ و ١٦ ساڵ پێویستی بە پەروەردەیە و پێویستە لە قوتابخانە بێت و بە هەستی کورد و کوردستانی پەروەردە بکرێت، بۆ ئەوە ببنە پزیشك و ئەندازیار و مامۆستا و پارێزەر و رۆڵی خۆیان لەناو کۆمەڵگە ببینن، نەك چەکهەڵگرتن و چوونە سەر شاخ، ئەمە رێگایەکی زۆر هەڵەیە بە تێڕوانینی من.

**پەکەکە دوورکەوتەوە لە دروشمی رزگارکردنی هەر چوار پارچەی کوردستان و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو. ئەمە لە کاتێکدا لە دڵی هەر کوردێکدا کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەیە**

**پارتی خوازیارە خزمەت بە سەرجەم کورد بکات لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و لە باشووری کوردستانش توانایەکی گەورەی ماددی و مەعنەوی هەیە و جەماوەرێکی بەهێزیشی لە پشتە**

**گۆڕەپانی گەورە و بنەڕەتی کارکردنی پەکەکە لە باکووری کوردستانە و پێویست ناکات خۆی بە باشووری کوردستانەوە سەرقاڵ بکات**

**پەکەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان حزبێکی دیکە لە خۆی بە مەزنتر نابینێت و پێی وایە ئەو براگەورە و حزبی گەورەیە و دەبێت هەر ئەو حوکمڕانی بکات**

دیمانەی تایبەت



## رۆناڵد ئینگلێهارت

بەڕێوەبەری کۆمەڵەی رووماڵی بەها جیهانییەکان بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا شێوازی حوکمڕانیی چین بۆتە بەهێزترین بەدیل بۆ دیموکراسی

**رۆناڵد ئینگلێهارت پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی میشیگان و توێژەرە لە سەنتەری دیراساتی سیاسی لە هەمان زانکۆ، هەروەها بەڕێوەبەری کۆمەڵەی رووماڵی بەها جیهانییەکانە، کە بریتییە لە پرۆژەیەکی توێژینەوەی زانستی و ئامانج لێی خستنەڕووی بەها و بیروباوەڕی تاکەکانە، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن ئەم بەها و باوەڕانە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەمە سەرەڕای کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بەو هەڕەشە و مەترسییانەی رووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە لەسەر ئاستی جیهان و پرسی ئەوەی ئایا بەدیلی دیموکراسی دروست بووە لەم رۆژگارە و چەند پرسێکی دیکە پەیوەندیدار.**

*** ئێوە بەم دواییە وتارێکتان نووسی بە ناونیشانی «رۆژگاری نادڵنیایی»، ئایا دیموکراسی توانای خۆڕزگارکردنی هەیە؟ لەم روانگەیەوە دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی سەردەمی ئێستا بە رۆژگاری نادڵنیایی وەسف دەکەن و ئایا پێتان وایە دیموکراسی مەترسی و هەڕەشەی راستەقینەی لەسەرە؟**

- بە تێڕوانینی من دیموکراسی بە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا تێدەپەڕێت، پێشتریش دیموکراسی بە رۆژگاری دژواردا تێپەڕیوە، دوایین جار لە سەروەختی فاشییەتدا بوو لە سالانی سی و چلەکانی سەدەی رابردوو، کە لەو کاتەدا وا پێدەچوو خۆری دیموکراسی بەرەو ئاوابوون بچێت، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی بەهۆی رەوشی سەخت و نالەبارەوە رووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە، لەم روانگەیەوە پێم وایە دیموکراسی مەترسی لەسەرە، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە لەو مەترسییە رزگار بێت و بەردەوام بێت. بە راستی ئەم ئەگەرەش بەندە بە کاردانەوە و پەرچەکرداری خەڵکەوە لە ئاست ئەم بارودۆخەدا، بە دڵنیاییەوە یەکێك لە کێشەکان بریتییە لە هەڵکشانی نایەکسانی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا، پێم وایە ئەوە کێشە راستەقینەکەیە، کە پێدەچێت سەرجەم دەستکەوتەکان لەژێر دەستی نوخبەیەکدا بێت. لەم روانگەیەوە پێویستە ئێمە بە چەشنی سالانی سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو وەك پەرەپێدان و دەوڵەتی خۆشگوزەران و پرۆگرامی کۆمەڵایەتی و دووبارە دابەشکردنەوەی داهات کە بوونە هۆی راستکردنەوەی بارودۆخەکە، لە ئێستادا بە هەمان شێوە هەوڵی راستکردنەوەی رەوشەکە بدەین. چونکە ئەگەر هەلومەرجەکە وەك ئەوەی ئێستا هەیە، بەجێبهێڵین، ئەوا دیموکراسی دوچاری زیان دەبێتەوە. بۆ

نموونـە، کەسـێکی وەك دۆناڵـد ترەمـپ کـە مەیلی خۆسـەپێنی هەیـە، هەوڵـی سـەرکوتکردنی رۆژنامەگـەری ئـازاد و بێدەنگکردنـی دەسـەڵاتی دادپەروەریـی سـەربەخۆ دەدات. کەواتـە دووبـارەی دەکەمـەوە، دیموکراسـی لـە مەترسـیدایە و یەکێـك لـەو هەنگاوانـەی پێویسـتە لـە سـاڵی داهاتـوودا بیگرێتەبـەر بریتییـە لـە دوورخسـتنەوەی دۆناڵـد ترەمـپ لـە دەسـەڵات. هەرچۆنێـك بێـت، هیـچ شـتێك گەرەنتـی نییـە و لـە ئێسـتادا دیموکراسـی هەڕەشـەی راسـتەقینەی لەسـەرە.

*** ئێوە ئاماژەتـان بـە مەترسیی کەسێکی وەك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کرد لەسەر دیموکراسی، ئایـا ئـەم کەسـە زیانێکی درێژخایـەن و گـەورەی بـە دیموکراسـی گەیانـدووە؟**

- بـە دڵنیاییـەوە دۆناڵـد ترەمـپ زیـان بـە دیموکراسـی دەگەیەنێـت، پێـم وایـە کەمینەیەکـی گـەورەی نێـو ئەمریـکا بـاوەڕی پـێ دەکـەن، ئەگەرچی ئەو بەردەوام درۆ دەکات، بەڵام کاتێك رۆژنامـەکان پـەردە لەسـەر درۆکانـی لادەدەن، ئـەوا دەکەوێتـە هێرشکردنەسـەر رۆژنامـەکان و بانگەشـەی ئەوە دەکات کە رۆژنامەکان دژی ئـەو درۆ بـڵاو دەکەنـەوە، پێـم وایـە ئـەم سـتراتیژیەتە تـا رادەیەکـی دیاریکـراو سـەرکەوتووە. بـەڵام خۆشبەختـانە ئاسـتی جەمـاوەری دۆناڵـد ترەمـپ لـە داکشاندایە و هیـچ کاتێـك لـە سـەتا ٥٠ی تێنەپەڕانـدووە، دواتـر ئـەو بـە دەنگـی زۆرینـە نەبۆتـە سـەرۆك و بەڵکـو بـە نزیکـەی ٣ ملیـۆن دەنـگ هەڵبژاردنەکـەی دۆڕانـد، لـە ئێستاشـدا ئاسـتی جەمـاوەری ئـەو لـە دابەزیندایـە و رەنگـە هەڵبژاردنـی داهاتـوو بدۆڕێنێـت. بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئـەو هێـرش دەکاتەسـەر رۆژنامەگـەری، لـە کاتێکـدا رۆژنامەگـەری توخمێکـی بنەڕەتییـە کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی دیموکراسـی سـەرکەوتوو بێـت، چونکـە چاودێریـی دۆخەکـە دەکات و راسـتییەکان بـڵاو دەکاتـەوە و زانیاری بە هاوڵاتییان دەدات. لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەگـەری لە ئەمریکا و زۆرێك لە وڵاتانی دیکـە بـەردەوام ئامـاژە بـە درۆکانـی دەکـەن و لـە ئێستاشـدا زۆرینـەی خەڵکـی ئەمریـکا لەگـەڵ دۆناڵـد ترەمپـدا هـاوڕا نیـن.

*** ئەوەنـدەی لـە وەڵامەکانتانـەوە بـەدی دەکرێـت، ئـەوا سـەرەڕای ئـەوەی دیموکراسـی لـە مەترسـیدایە، بـەڵام دەکرێـت هەنـگاوی کارا هەڵبگیرێـت بـۆ راسـتکردنەوەی بارودۆخەکـە، بەڵام ئایا مەترسی و هەڕەشەکانی ئەم رۆژگارە جیاواز نین بەراورد بە هەڕەشەکانی رابردوو کە رووبـەڕووی دیموکراسـی دەبوونـەوە؟**

- بەڵـێ، پێـم وایـە دەکرێـت ئـەو هەنگاوانـە هەڵبگیرێـن، چونکـە دیموکراسـی لایـەن و رەهەنـدی باشـی هەیـە، بـۆ نموونـە دیموکراسـی میکانیزمێکـی باشـە بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵات، بـەڵام لـە سـایەی هەمـوو هەلومەرجێکدا هەمـان دەرئەنجامـی لـێ ناکەوێتـەوە. پێـم وایـە ئـەو نایەکسـانییە لـە رادەبـەدەرەی هاتۆتەئـاراوە کـە تەنها لە سەتا یەکی خەڵکی وڵاتەکە زۆرینەی دەستکەوتە ئابوورییـەکان دەچننـەوە، بووەتە هـۆی بنکۆڵکردنـی دیموکراسـی، بـەڵام هـەروەك ئاماژەم پێ کرد، دیموکراسی لایەنی باشی هەیە و تێیدا سـەرکردەکان لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵدەبژێردرێـن و خۆ ئەگـەر بێت و ئـەو سـەرکردانە هەڵبژێـرن کـە لـە بەرژەوەندیـی ئـەوان کار دەکـەن، ئـەوا دەتوانـن بارەکـە راسـت بکەنـەوە.

*** کەواتـە پێـت وایـە لـە ئێسـتادا لـە ئەنجامـی ئەم بارە ناهەمـوارەی دیموکراسی تێـی کەوتـووە، قەیرانـی متمانـە لـە نێـوان هاووڵاتییـان و حوکمڕانەکانـدا دروسـت بـووە؟**

- بەڵـێ، پێـم وایـە ئەمـە راسـتە، کـە بەداخـەوە ژیـان و گوزەرانـی زۆربـەی خەڵکـی بـەم سـاڵانەی دوایـی باشـتر نەبـووە. ئەمـەش دەرفەتـی رەخسـاندووە بـۆ کەسـە دیماگۆجـەکان بـۆ ئـەوەی ئـەو بەڵێنانـە بـە خەڵکـی بـدەن کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی ناتوانـن جێبەجێیـان بکـەن و یەکێـك لـە سـتراتیژیەتە تەقلیدییەکانـی کەسـە دیماگوجـەکان ئەوەیـە ئۆباڵـی سـەرجەم کێشـەکان بخەنـە ئەسـتۆی کەسـە بیانییـەکان. کـە ئەمـە یەکێکـە لـەو حاڵەتانـەی لـە ئێسـتادا روودەدات، کـە بەرپرسـیارێتی کێشـەکان دەخرێتـە ئەسـتۆی کۆچبـەران. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن پێـم وانییـە ئەمـە ریشـەی کێشـەکە بێـت، بەڵکـو ریشـەی کێشـەکە لـە سرووشـتی قووڵـی کۆمەڵگـە پێشـکەوتوو و پیشەسـازییەکاندایە، کۆمەڵگـەی مەعریفـە ئـەو کۆمەڵگەیەیـە کـە تێیـدا بـراوە دەسـت بەسـەر هەمـوو شـتێکدا دەگرێـت. ئەوەتـا ئەمـازۆن و فەیسـبووك و گـوگڵ و کۆمپانیـا

**دیموکراسی لە مەترسیدایە و یەکێک لەو هەنگاوانەی پێویستە لە ساڵی داهاتوودا بیگرێتەبەر، بریتییە لە دوورخستنەوەی دۆناڵد ترەمپ لە دەسەڵات**

**دیموکراسی میکانیزمێکی باشە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵام لە سایەی هەموو هەلومەرجێکدا هەمان دەرئەنجامی لێ ناکەوێتەوە**

**ئەو نایەکسانییە لە رادەبەدەرەی هاتۆتەئاراوە کە تەنها لە سەتا یەکی خەڵکی وڵاتەکە زۆرینەی دەستکەوتە ئابوورییەکان دەچننەوە، بووەتە هۆی بنکۆڵکردنی دیموکراسی**

**یەکێک لە ستراتیژیەتە تەقلیدییەکانی کەسە دیماگۆجەکان ئەوەیە ئۆباڵی سەرجەم کێشەکان بخەنە ئەستۆی کەسە بیانییەکان. کە ئەمە یەکێکە لەو حاڵەتانەی لە ئێستادا روودەدات**

**رووسیا لە رووی ئابوورییەوە ئەدایەکی زۆر خراپی هەیە و دووچاری چەقبەستن هاتووە و توانای ململانێی نییە**

**رۆژنامەگەری توخمێکی بنەڕەتییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی دیموکراسی سەرکەوتوو بێت، چونکە چاودێریی دۆخەکە دەکات و راستییەکان بڵاو دەکاتەوە**

گەورەکانی دیکە دەرفەتێکی گەورەی کۆکردنەوەی سەرمایەیان بۆ دروست بووە. بۆ نموونە لە ئێستادا ئەمازۆن نزیکەی نیوەی فرۆشتنەوەی لە رێی ئەنتەرنێتەوە لە ئەمریکا قۆرخ کردووە، ئەمەش دەرفەتێکی گەورەیە بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە لە کاتێکدا بزنسە بچووکەکانی ئەم بوارە بێکار دەبن. بەڵام ئەمە کێشەیەکە کە دەکرێت راست بکرێتەوە و مەسەلەکەش لە دەستنیشانکردنی کێشەکان و تەبەنیکردنی چارەسەرەکاندایە. من پێم وایە گەورەترین ئومێدی دیموکراسی ئەوەیە کە لە کۆتاییدا خەڵکی دەتوانن بارەکە راست بکەنەوە، راستە کەسە دیماگۆجەکان دەتوانن بۆ ماوەیەك خەڵکی تەفرە بدەن، بەڵام لە مەودای دووردا خەڵکی ئەو سەرکردانە هەڵدەبژێرن کە دەتوانن چارەسەری کارا بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. من ناتوانم گەرەنتی هیچ شتێك بکەم، بەڵام پێم وایە لایەنێکی باشی دیموکراسی ئەوەیە کە خەڵکی دەتوانن سەرکردە بێتواناکان لە دەسەڵات دووربخەنەوە و باوەڕیشم وایە ئەمە روودەدات.

*** بەڵام مەسەلەکە هەر تەنیا ئەوە نییە کە باس لە ئەگەری ئاوابوونی خۆری دیموکراسی دەکرێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە رەنگە بەدیلی دیموکراسیش بێتەئاراوە، بۆ نموونە لە ئێستادا چین ئەدایەکی سەرکەوتووی باشی هەیە، ئەگەرچی سیستمێکی سیاسیی دیموکراسیشی نییە؟**

- پێم وایە چین ئەدایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە، چین بەهێزترین بەدیلە بۆ دیموکراسی لە ئێستادا، من بە راستی سەرسامم بە ئەزموونی چین، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنیشی هەیە، ئەمە بە پێچەوانەی رووسیاوە، کە ئەویش بەدیلێکی گەورەیە، بەڵام رووسیا لە رووی ئابوورییەوە ئەدایەکی زۆر خراپی هەیە و دووچاری چەقبەستن هاتووە و توانای ململانێی نییە. ئەمە لە کاتێکدا وڵاتی چین لە سایەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی ماوتسی دۆنگدا وڵاتێکی هەژار و دواکەوتوو بوو، بەڵام دوای مردنی ماوتس دۆنگ، دینگ شیاو پێنگ دەسەڵاتی گرتەدەست کە سەرکردەیەکی خاوەن روانین بوو و سیستمێکی نوێی بۆ چین داڕشت کە هەندێ لە لایەنە باشەکانی دیموکراسی لەخۆدەگرت، بۆ نموونە لە بری ئەوەی تەنیا کەسێك بە درێژایی ژیانی دیکتاتۆر بێت، ئەوا کۆمەڵێك سەرکردەی بەتوانا بە شێوەی گرووپ دەسەڵاتیان موماره‌سە دەکرد و حوکمڕانییان دەکرد، واتە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی سەرکردەکان دیاریکرا و دواتر خانەنشین دەبوون، هەر خولێکی دەسەڵاتداری بە ١٠ ساڵ سنووردار کرا. بەڵام دواتر شی جین پینگ دەسەڵاتی گرتەدەست و ئەم سیستمەی هەڵوەشاندەوە و رێگای دیکتاتۆریەتی گرتەبەر و بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە سەرقاڵی کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستی خۆیدا، لەبەر ئەوە پێم وایە ئابووریی چین دوچاری خاووبونەوە و سستبوون دەبێت و چین ئەم گۆڕ و تینەی ئێستای لە دەست دەدات.

*** کەواتە ئایا دروستە بڵێین هەمیشە دیموکراسی سەرناکێشێت بۆ گەشەکردنی ئابووری؟ ئێوە چۆن لە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و گەشەکردنی ئابووری دەڕوانن؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە دیموکراسی بە شێوەیەکی راستەوخۆ گەشەکردنی ئابووری بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو ئەمە بەندە بە بوونی سەرکردەی بەتوانا و دامەزراوەکان و سەروەریی یاسا و بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر شرۆڤەکارییەکان بۆ سەرجەم دیموکراسی و دیکتاتۆرییەتەکان بکەیت لە جیهاندا ئەوا دیموکراسی تۆمارێکی باشی هەیە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، دیموکراسی راستەوخۆ نابێتەهۆی هێنانەئارای گەشەی ئابووری و ئەمە پێویستی بە فەراهەمکردنی لایەنی دیکە هەیە. لەلایەکی دیکەوە باوەڕم وایە ئەو نایەکسانییە گەورەیەی لە ئارادایە، یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ دیموکراسیدا. بەڵام لایەنی باشی دیموکراسی ئەوەیە کە خەڵکی سەرکردەی دیکە هەڵدەبژێرن، کاتێك سەرکردەکانی ئێستایان بێتوانا دەبێت، ئەمە گەورەترین لایەنی دیموکراسییە، هەرچەندە ئەمە دەستەبەری ئەوە ناکات کە خەڵکی لە سایەی دیموکراسیدا سەرکردەی ژیر هەڵدەبژێرن، ئەوان هەمیشە ئەم کارە ناکەن، بەڵام بەلای کەمەوە بژارەی ئەوەیان هەیە کە سەرکردە خراپەکان لە دەسەڵات دوور بخەنەوە و سەرکردەی باش هەڵبژێرن.

# دیمانەی تایبەت



ئاشکرایە کە لە رۆژگاری ئێستادا چەمکی حوکمڕانیی باش مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت، ئەم چەمکە پێناسەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت و لە هەمان کاتدا تەنیا رێگاچارەیەك لە ئارادا نییە، بۆ ئەوەی بتواندرێت ئەم چەشنە حوکمڕانییە بەدی بهێنرێت و ئیدارەیەکی باشی کاروبارەکانی وڵاتەکە بکرێت، بەڵام ئەوەی ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، ئەوەیە کاتێك وڵاتێك شکست دەهێنێت لە بەدیهێنانی حوکمڕانیی باشدا، ئەوا شیرازەی کاروبارەکان تێك دەچن و سامان و سەرچاوە و داهاتی وڵاتەکەش نەك نابنەهۆی هێنانەئارای گەشەی ئابووری و بوژاندنەوەی رەوشی ژیانی خەڵکەکە و بنیاتنانەوەی ژێرخانی وڵات، بەڵکو ئەو سەرچاوانە دەبنە مایەی نەگبەتی و نەهامەتی بۆ خەڵکەکە و، جگە لە دژواری ئابووری ناسەقامگیریی سیاسی و تەحەددیی ئەمنی و چەندین کێشەی دیکە رووبەڕووی وڵاتەکە دەبنەوە، لە هەموشی زیانبەخشتر دروستبوونی دیاردەی گەندەڵی و تەشەنەکردنیەتی، کە دەبێتەهۆی خاوکردنەوەی گەشەی ئابووری و دروستبوونی بەدگومانی و بێمتمانەیی لە ئاست دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لەم رووەوە وڵاتی نەیجیریا شایستەی ئەوەیە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، کە وڵاتێکە گرفتارە بەدەست ئەوەی پێی دەڵێن نەفرەتی سەرچاوەکان. ئەم پرسانە بوونە تەوەری نەیەکی گوڵان لەگەڵ ئۆرۆکپۆ ئۆگبۆلا فرانسیس، کە پرۆفیسۆرە لە بەشی کارگێڕیی گشتی کۆلێژی پۆلەتەکنیکی لە ویلایەتی کۆجی لە وڵاتی نەیجیریا، و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ان پسپۆڕیی کارگێڕیی گشتی و لە چەندین پەیمانگە و زانکۆی دیکەی نەیجیریا وانەبێژ بووە.

**ئۆرۆکپۆ ئۆگبۆلا فرانسیس**

پسپۆڕی کارگێڕی گشتی بۆ گوڵان:

# ئیرادەی سیاسی سەرکردەی دڵسۆز دەتوانێت حوکمڕانیی باش بونیاد بنێت و گەندەڵییش سنووردار بکات

*** هەروەك ئاشکرایە وڵاتی نەیجیریا وڵاتێکە دەوڵەمەندە بە سامانە سرووشتییەکان، بەتایبەتی نەوت، لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە بۆ پەرەپێدانی وڵاتەکە و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان سوود لەم سەرچاوانە وەربگیرێت، بە کورتی نەتوانراوە حوکمڕانییەکی باش لەو وڵاتەدا دەستەبەر بکرێت، ئێوە هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

- ئەوەی لێرەدا دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین لە پەیوەندی بە نەبوونی حوکمڕانیی باشەوە لە وڵاتی نەیجیریا، ئەوەیە کە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەی کە لە وڵاتەکەدا جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، کەواتە ئەمە تەحەددی و کێشە بنەڕەتییەکەیە. هەروەك ئاشکرایە نەیجیریا لە ساڵی ١٩٦٠ـەوە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا نەتوانراوە باری وڵاتەکە راست بکرێتەوە، ئەویش بەهۆی جۆری سەرکردایەتیی وڵاتەکەوە بووە، هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد.

*** باشە دەرئەنجامە خراپ و زیانبەخشەکانی نەبوونی سەرکردایەتییەکی باش و نەبوونی حوکمڕانییەکی باش لەم وڵاتەدا چی بوون؟ ئایا چ رەوش و هەلومەرجێکی نالەباریان دروست کردووە؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، نەبوونی سەرکردایەتییەکی سیاسی لە وڵاتەکەدا کە توانای ئەوەی هەبێت ئیدارەیەکی باشی کاروبارەکان بکات، یان با بڵێین توانای حکومڕانی هەبێت، هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوە سرووشتییانەی لەم وڵاتەدا هەیە. نەبنە هۆی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییان و نەتوانراوە باری خراپ و ناهەمواری خەڵك راست بکرێتەوە.

*** باشە ئەگەر ئەمە کێشە بنەڕەتی و راستەقینەکە بێت، ئایا پێت وایە چۆن**

**نەیجیریا لە ساڵی ١٩٦٠ـەوە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا نەتوانراوە باری وڵاتەکە راست بکرێتەوە، ئەویش بەهۆی جۆری سەرکردایەتیی وڵاتەکەوە بووە**

**چەند کەلێن و کەلەبەرێک لە نێو کۆمەڵگەی نەیجیریا هەیە کە سەرکردە و بەرپرسەکان دەتوانن کەڵکی خراپیان لێ وەربگرن، وەک کێشە و ناکۆکیی ئیتنی و ناکۆکیی ئایینی، کە دەبێت لێرەدا ئەوە بوترێت، کە ئێمە نەمانتوانیوە چارەسەرێکی باشی ئەم کێشانە بکەین**

**ململانێ و ڕکابەری هەیە بۆ دەستەبەسەرداگرتنی و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان، لە بری ئەوەی بەکار بهێنرێت بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیانی خەڵکەکە و بووژاندنەوەی ئابووریی وڵاتەکە و بنیادنانی ژێرخانی وڵاتەکە**

**ئەو کێشانەی ئێستا یەخەی ئەم وڵاتەیان گرتووە، وەک کێشەی ئەمنی و بوونی هەڕەشە و مەترسیی گرووپە توندڕەوەکان، هەموویان دەرهاویشتە و دەرئەنجامی شکستخواردنی سەرکردایەتیی سیاسییە لە وڵاتەکەدا**

**ئەگەر سەرکردایەتییەکی ڕاست و دروست و دڵسۆز هەبێت، ئەوا دەتواندرێت چارەسەری کێشەی گەندەڵی بکرێت و بگرە دەتوانرێت چارەسەری کێشەی حوکمڕانیی خراپیش بکرێت**

**دەتوانرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت؟ ئایا پێت وانییە پێویستە دامەزراوەکان بە چەشنێك دابڕێژدرێنەوە کە لە ئەنجامدا ببنەهۆی ئەوەی سەرکردە و بەرپرسەکان ناچار بن تا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك بکەن، لە بری ئەوەی تەنیا سەرقاڵی خۆدەوڵەمەندکردن بن؟**

- لە ڕاستیدا لە وڵاتی نەیجیریا چەندین دامەزراوەی باش هەن، کە دەکرێت چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکرێت سەرکردەکان ناچار بکەن، کە کار بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك بکەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چەند کەلێن و کەلەبەرێك لە نێو کۆمەڵگەی نەیجیریا هەیە کە سەرکردە و بەرپرسەکان دەتوانن کەڵکی خراپیان لێ وەربگرن، وەك کێشە و ناکۆکیی ئیتنی و ناکۆکیی ئایینی، کە دەبێت لێرەدا ئەوە بوترێت، کە ئێمە نەمانتوانیوە چارەسەرێکی باشی ئەم کێشانە بکەین، لە دەرئەنجامدا زۆربەی نوخبە سیاسییەکەی وڵاتی ئێمە توانیویانە سوودی خراپ لەم کەلێنانە وەربگرن. کەواتە ئەمانەش کۆمەڵێك کێشە و تەحەددیی دیکەن کە ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە بوونەتەوە. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، دامەزراوەکانی ئێمە نەیانتوانیوە ئیدارەیەکی باش و چارەسەرێکی باشی ئەم کێشانە بکەن و لە دەرئەنجامدا سەرکردەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان هێناون.

*** هەر لە پەیوەندی بە بوونی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە، ئایا پێت وایە وڵاتی ئێوە بە دەست ئەوەی پێی دەڵێن «نەفرەتی سەرچاوە» گرفتار بووە؟ کاتێك کە بوونی سەرچاوەکان دەبێتە مایەی نەهامەتی نەك خێر و خۆشی بۆ وڵاتەکە، ئایا بوونی ئەم سەرچاوانە بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی خراپ ئاسانکاری دەکات؟**

- نەخێر، من هەرگیز لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، ڕاستە ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندین بە سەرچاوە سرووشتییەکان و ئەم سەرچاوانە بە ڕێژەیەکی زۆریش لەم وڵاتەدا هەن، بەڵام کێشە بنەڕەتی و ریشەییەکە لە جۆر و چەشنی حوکمڕانییەکەدایە، واتە خۆی لە خۆیدا بوونی ئەم سەرچاوانە مایەی هیچ کێشە و گرفتێك نین، ئەگەر ڕوونتر گوزارشتی لێ بکەم، کێشەکە ئەوەیە کە ململانێ و ڕکابەری هەیە بۆ دەستەبەسەرداگرتنی و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان، لە بری ئەوەی بەکار بهێنرێت بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیانی خەڵکەکە و بووژاندنەوەی ئابووریی وڵاتەکە و بنیادنانی ژێرخانی وڵاتەکە، کە دەتوانین بڵێین ئەمە کێشە و تەحەددیی ڕاستەقینەیە لەم وڵاتەدا.

*** ئێمە دەزانین وڵاتی نەیجیریا بەدەست کۆمەڵێك کێشەی جددییەوە دەناڵێنێت، وەك نەبوونی سەقامگیریی سیاسی، یان با بڵێین کێشە و مەترسی و هەڕەشەی ئەمنی، کە لە بوونی گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە و بوونەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر ئەو وڵاتە، وەك بوونی گرووپی بۆکۆ حەرام، هۆکاری ئەم کێشە و مەترسییانە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو کێشانەی ئێستا یەخەی ئەم وڵاتەیان گرتووە، وەك کێشەی ئەمنی و بوونی هەڕەشە و مەترسیی گرووپە توندڕەوەکان، هەموویان دەرهاویشتە و دەرئەنجامی شکستخواردنی سەرکردایەتیی سیاسییە لە وڵاتەکەدا. بە چەشنێك دەکرێت بوترێت سەرجەم ئەو کێشە و تەحەددییانەی دیکە کە ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە بوونەتەوە ئاکامی ئەو جۆرە سەرکردایەتییەیە کە جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، وەك کێشەی نەبوونی گەشەی ئابووری و بنیادنەناوەی ژێرخانی وڵاتەکە و کێشەی دەستەبەرنەبوونی مافەکانی هاووڵاتیان. بۆچی من سەرچاوە و ڕیشەی ئەم کێشانە دەگەڕێنمەوە بۆ جۆری سەرکردایەتیی وڵاتەکە؟ لەبەر ئەوەی جڵەوی پرۆسەی حوکمڕانی لە دەستی سەرکردایەتیی وڵاتەکەدایە و ئەو سەرکردایەتییە دەتوانێت ئاراستە و ئاقارەکەی دیاری بکات و بیگۆڕێت.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین هەر ئەمەش هۆکاری بوونی گەندەڵییەکی بەربڵاوە لەنێو نەیجیریادا، کە بۆتەهۆی بەهەدەردانی ئەو داهاتە زۆرەی بەهۆی سەرچاوە سرووشتییەکانەوە ئەم وڵاتە بەدەستی دەهێنێت، هۆکاری ئەمەش هەر ئەوەیە کە تا ئێستا نەتوانراوە بە جددی سنوورێك بۆ ئەم گەندەڵییە دابنرێت لەم وڵاتەدا؟**

- لە ڕاستیدا ڕایەڵێکی هاوبەش لەنێوان



سەرجەم ئەم کێشە و تەحەددییانەدا هەیە، ئەوەی لەم رووەوە گومان هەڵناگرێت، ئەوەیە کە پرسی گەندەڵی و بوونی گەندەڵی راستەوخۆ گرێ دراوەتەوە بە پرسی سەرکردایەتیی وڵاتەکەوە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر سەرکردایەتییەکی راست و دروست و دڵسۆز هەبێت، ئەوا دەتواندرێت چارەسەری کێشەی گەندەڵی بکرێت و بگرە دەتوانرێت چارەسەری کێشەی حوکمڕانیی خراپیش بکرێت، واتە دەکرێت ئەم جۆرە سەرکردایەتییە حوکمڕانیی باش لە وڵاتەکەدا بهێنێتەئاراوە. تا ئێستا هەر ئەمەش کێشەی راستەقینەی نایجیریا بووە، واتە سەرکردایەتییەك نەبووە کە بە راستی شەڕی گەندەڵی بکات و هەنگاوی راستەقینە هەڵبگرێت بۆ هێنانەئارای حوکمڕانییەکی باش. من پێم باشە ئەوە دووپات بکەمەوە کە بوونی سەرکردایەتیی راست و دڵسۆز سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی باش و لە دەرئەنجامدا بە رادەیەکی زۆر گەندەڵی سنووردار دەکرێت.

*** ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو هەوڵ و هەنگاوانە بکەیت کە لە وڵاتەکەی ئێوەدا دەدرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و راستکردنەوەی رەوشەکە، ئایا ئێوە تا چ رادەیەك گەشبینن و ئومێدەوارن کە بتواندرێت ئەم هەوڵانە دەرئەنجامی باش و خوازراویان لێ بکەوێتەوە؟.**

- هەرچەندە بە داخەوە تا ئێستا هەوڵی ئەوتۆ نەدراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لەم رووەوە گەشبین و ئومێدەوارم، بەتایبەتی ئەو لایەنەی کە دوایین جار لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ هێنانەئارای حوکمڕانییەکی باش، لەبەر ئەوە ئێمە گەشبین و چاوەڕوانین.

**بوونی سەرکردایەتیی راست و دڵسۆز سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی باش و لە دەرئەنجامدا بە رادەیەکی زۆر گەندەڵی سنووردار دەکرێت**

# با ئیکۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسێنین

زۆربەمان ئاگاداری جۆری ئەو تاوانانەین کە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندوون، وەك: تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، تاوانی پەلاماردان و هەڵگیرساندنی ناڕەوایانەی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

ئەم تاوانانە ئەگەر لێیان ورد ببینەوە، دەبینین ئەو تاوانانەن کە دژ بە خودی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کراون، یان دەکرێن، بەڵام زۆر گرنگە ئاگاداری جۆرێکی دیکە لە تاوان بین، کە دژ بە ژینگەی مرۆڤ دەکرێت، ئەویش تاوانی ئیکۆسایدە، واتە قڕکردن و لەنێوبردنی خودی ژینگە و پێکهێنەرەکانی.

هەشت ساڵ لەمەوبەر بە کورتی لە گۆشە تایبەتەکەی خۆم لە لاپەڕە حەوتی ژمارە (١٦٤)ی هەفتەنامەی رووداو، لە رێکەوتی (٢٠١١/٥/٣٠) ئاماژەیەکی خێرام بەم باسە کرد، ئێستاش لە دوای رووداوە مەترسیدارەکەی دارستانەکانی ئەمازۆن کە گومانی کارێکی تێکدەرانەی ژینگەیی لەپشت دیارە، پێم باشە لێرەدا جارێکی دیکەش هەندێ زانیاری لەسەر چەمکی ئیکۆساید بنووسم.

چالاکانی بواری ژینگە لە بەریتانیا لە هەوڵی ئەوەدان کە گوشار بخەنە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی وێرانکردنی سیستمی ژینگە و بەکارهێنانی لە رادەبەدری هێز و توندوتیژی دژ بە پێکهێنەرەکانی ژینگە بە تاوانی نێودەوڵەتی بێنە ژمار، بە ئیکۆسایدیش بێنە ناولێنان، یەکسانیش بکرێت لەگەڵ جینۆساید و تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەوساش لە دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا دەبێت کە لەم تاوانە ژینگەییانە بکۆڵێتەوە، زیانلێکەوتووانیش لەتوانایاندا دەبێت کە داوای یاسایی بەرز بکەنەوە.

خانمی مافناس پۆلی هیگینز لە پێشەنگی ئەم هەڵمەتەدایە و لەو باوەڕەشدایە، کە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم هەڵوێستە ریشەییە لە ئەستۆ بگرێت، ئەوا کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر ئەو کۆمپانیا پیشەسازییانەی کە بە وێرانکردنی ژینگە لە زۆر وڵاتدا تۆمەتبارن.

کورتەی ئەم هەڵمەتەی خاتوو هیگینز ئەوەیە کە ئیکۆساید وەك جۆری پێنجەم لە جۆرەکانی تاوانی دژ بە ئاشتی بێتە ژماردن، لەپاڵ ئەو چوار جۆرە تاوانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندوون، کە ئەوانیش تاوانی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ، تاوانی پەلاماردان و



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

هەڵگیرسانی نارەوایانەی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتین. ئەم پێشنیارەش کە پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، داوای قەرەبووکردنەوە بۆ رووەك و زیندەوەران دەکات، کە لە حاڵەتی لەناوچوونیان بەهۆی چالاکییە وێرانکارییەکانی مرۆڤەوە دوچاری زیان بوونەتەوە، کە بۆ پەسەنکردنی لەداهاتوودا پێویستیی بە دەنگی دوو لەسەر سێی دەوڵەتانی ئەندام هەیە. ئەوساش ئەم بڕگە یاساییە لە دانانی سنوورێك بۆ ئەو تاوانبارانەی کە دەڵێن لە کارەکانی ئێمەدا مرۆڤ زیانی پێ نەگەیشتووە، بەڵکو تەنیا رووەك و زیندەوەر و ژینگە زیانی لێکەوتووە، رۆڵی دەبێت.

رووەك و زیندەوەرەکان رۆڵێکی گەورەیان لە راگرتنی هاوسەنگیی ژینگەییدا هەیە، لە حاڵەتی تێکچوونی ئەم هاوسەنگییەشدا ژیان و ژینگە رووبەڕووی هەڕەشە و کارەساتی گەورە دەبنەوە.

دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزراوە و لەسەر داوای دادگا نیشتمانییەکان، یان لە حاڵەتی ناتوانایی ئەو دادگایانەدا، یان لە حاڵەتی بەرزکردنەوەی داوا لە دژی ئەو کەیسانەی رووبەڕووی دەکرێنەوە، بە ئەرکی یاسایی خۆی هەڵدەستێت، بە مەرجێك ئەو داوایانە تایبەت بن بەو رووداوانەی لەدوای ٢٠٠٢/٧/١ەوە روویانداوە.

دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان رێکخراوێکی هەمیشەییە و کار دەکات بۆ دانانی سنوورێك و رێگرتن لەو بۆچوونەی کە پێیوایە، دەکرێت مرۆڤی تاوانبار لە سزاوەرگرتن دەرباز بێت. هەروەها دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان تاکە دەستەیەکی سەربەخۆی دادوەرییە کە پاڵپشتییەکی جیهانییانەی لێ دەکرێت، بۆ بە سزاگەیاندنی تاوانباران، لە رووی کارمەند و بودجەشەوە سەربەخۆیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە رێگەی رێککەوتنێکی یاساییشەوە هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا هەیە.

بارەگای سەرەکیی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان لە هۆڵەندایە، بەڵام دەتوانێت رێکارەکانی خۆی لە هەر جێیەکی جیهاندا ئەنجام بدات.

تەنیا بۆ زانینیش دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان، جیاوازە لە دادگای نێودەوڵەتیی داد کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئەرکی سەرەکیشی بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە لە نێوان دەوڵەتەکاندا.